# تێکشکاندنی ئەفسانەی داعش سەلماندی هێزی پێشمەرگە توانای پاراستنی کوردستانی هەیە

## خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەریش نەیتوانی بیسەلمێنێت هەنگاوهەڵگرتن بۆ دەوڵەتی کوردستان خەونی شاعیرانەیە





**سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی ٢٣ی ئەیلوولی ٢٠١٧ و لەبەردەم ئاپۆرایەکی گەورەی خەڵکی کوردستاندا رایگەیاند: «من خۆم شەرمەزاری میللەتی خۆم ناکەم.» ئەم پەیامەی بارزانی وەڵامێک بوو بۆ تەواوی دەوڵەتانی ناتۆ و ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا، کە چەندین ئۆفەریان خستبووە بەردەم شەخسی بارزانی کە ریفراندۆم دوابخات**

لە ٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤ و تەنیا دوای ١٢٢ رۆژ لە هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و تێکشکاندنی تیرۆریستان و پووچەڵکردنەوەی ئەفسانەی داعش لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، د.مانویل ئەلمیدا توێژەرو راوێژکار بۆ پرسەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرنووسەری پێشتری چاپی ئینگلیزی رۆژنامەی (الشرق الاوسط)، وتارێکی بە ناونیشانی: (بۆ کوردەکانی عێراق. سەربەخۆیی تەنیا پرسی کاتە. For Iraq's Kurds، indepen-dence can wait) لە بەشی ئینگلیزی (العربیة نت) بڵاوکردبووەوەو لەم وتارەدا جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە، هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و تێکشکاندنی ئەو هێزە تیرۆریستە دڕندەیە لەسەر دەستی پێشمەرگە، شەڕەکەی کردۆتە پرۆڤەیەکی زۆر باش کە پێشمەرگە رۆڵی سوپای بەرگریی کوردستان بگێڕێت و هێزی پێشمەرگە سەلماندی ئەو سوپایەیە لە کاتی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستاندا توانای پاراستنی ئەو دەوڵەتەی دەبێت.

لەماوەی سێ ساڵی شەڕی بەردەوامی دژی داعش لەگەڵ ئەوەی بە چاودێری دەوڵەتانی هاوپەیمانانی شەڕی دژی داعش بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی، رێککەوتن و هەماهەنگییەکی زۆر باش لەنێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی حکومەتی عێراقدا هەبووە، بەڵام ئەم رێککەوتن و هەماهەنگییە نەیتوانی زەمینەیەکی ئەوتۆی سیاسی لە نێوان هەولێر و بەغدا دروست بکات، کە بتوانرێت کێشە کەڵەکەبووەکانی نێوانیان چارەسەر بکات، هەر بۆیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان بە هەموو دەوڵەتانی جیهان و لە سەرووی هەمووشیانەوە راشکاوانە بە باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا راگەیاند، کە حکومەتی عێراق بە هیچ شێوەیەك ئامادەباشی ئەوەی تێدا نەماوە کە بە زمانی دیالۆگ و لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی دەستووری عێراقدا



کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارەسەر بکات، هەر بۆیە بێجگە لە هەنگاوهەڵگرتن بۆ سەربەخۆیی، رێگەیەکی دیکە لە بەردەم هەرێمی کوردستاندا نەماوەتەوە.

دوای ئەوەی بارزانی لە ئایاری ٢٠١٥ گەڕایەوە بۆ کوردستان و لەگەڵ حزبە سیاسییەکانی کوردستان کۆبووەوە، بڕیار درا کە لە کۆی حزبە سیاسییەکانی کوردستان، ژوورێکی عەمەلیات بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان پێکبهێنرێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعش، راپرسی لە تەواوی جوگرافیای کوردستان لە عێراقدا ئەنجام بدرێت و لەسەر بنەمای ئاکامەکانی ریفراندۆم دیالۆگ و دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی عێراق بکرێت و پێیان بگوترێت (ئەگەر نەمانتوانیبێت لە چوارچێوەی پێکەوەژیان لەناو یەك دەوڵەتدا پێکەوە بژین، ئەوا باشترە دوو دراوسێی باش بین بۆ یەکتری).

لە هاوینی ٢٠١٦ کە شەڕی دژی داعش بەرەو کۆتایی دەچوو و تەنیا شاری موسڵ و قەزای حەویجە لە سنووری کەرکووك مابوو لە تیرۆریستانی داعش پاکبکرێتەوە، بە ناوبژیوانی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا، رێککەوتنێکی سەربازی لەنێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق بۆ پرۆسەی شەڕی ئازادکردنەوەی موسڵ ئیمزا کرا، بەپێی ئەم رێککەوتنە ئەرکی پێشمەرگە ئەوە بوو کە دەروازەکانی موسڵ لەچەند لایەکەوە ئازاد بکات بۆ ئەوەی هێزەکانی عێراق بتوانن بچنە ناو شاری موسڵەوە، لە مانگی ١٠ی ٢٠١٦ دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ بە هاوبەشی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیرانی عێراق راگەیەندرا. راستە بۆ شەڕەکە هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراق هاوپەیمان بوون، بەڵام ئەرکی هێزی پێشمەرگە و ئەرکی هێزەکانی عێراق دیاریکرابوو، ئەو ناوچانەی کە بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان دیاریکرابوون کە ئازاد بکرێن، هێزی پێشمەرگە لەماوەی مانگێکدا توانی هەموو ئەو ناوچانە لە تیرۆریستانی داعش پاکبکاتەوە و دەروازەکانی موسڵ بۆ هێزەکانی عێراق بکاتەوە، هەر بۆیە لە ٢٠ی ١١ی ٢٠١٦ سەرۆکی هەرێمی

**هێزەکانی عێراق (حەشدی شەعبی، سوپا، پۆلیسی فیدراڵی) زۆر باش دەیانزانی ئەگەر هێرش بکەنەوە سەر کوردستان ئەوا سەرکەوتوو نابن و هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانای هەیە بەرگری لە کوردستان بکات، بۆیە بەناچاری و بە هاوکاری دەوڵەتانی دراوسێ، بیریان لەوە کردەوە کە رێککەوتن لەگەڵ باڵێکی ناو یەکێتی نیشتمانی بکەن و ئەم رێککەوتنەش وەک پاڤڵ تاڵەبانی دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بە میدیاکانی راگەیاند، ٣٨ ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی نیشتمانی ئیمزایان کردبوو**



**هێزی پێشمەرگە دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە داستانەکانی پردێ و مەخموور و مەحموودیە و تەلسقوف و سحێلا سەلماندیەوە کە توانای پاراستنی کوردستانی هەیە، ئەو قەناعەتەش بۆ خەڵکی کوردستان باشتر لە هزری هەر تاکێکی ئەم کوردستانە چەسپایەوە کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان چیدیکە خەونی شاعیرانە نییە**

**هەموو هەوڵی ئێستای یەکێتی نیشتمانی ئەوەیە کە بتوانێت ئەندامێکی یەکێتی بکاتەوە بە پارێزگاری کەرکووک، ئەویش بە هەر نرخێک بێت و بارودۆخی کەرکووک هەر چۆنێک بێت**

**مێژووی نەتەوەکانی جیهان فێرمان دەکات، کاتێک نەتەوە خۆی بێباک دەکات لە هەڵە و تاوان، یان روودانی خیانەتی نیشتمانی لەناو مێژووی خۆیدا، ئەوا ئەو خیانەتە بەردەوامی دەبێت و لە قۆناخێکی دیکەدا و بە شێوازێکی زۆر تراژیدیتر خۆی دووبارە دەکاتەوە**

کوردستان لە شارۆچکەی باشیکەوە کۆتاییهاتنی شەڕی داعشی لە کوردستان راگەیاند، بەڵام شەڕی موسڵ درێژەی کێشا و لە کۆتایی حوزەیران و سەرەتای تەممووزی ٢٠١٧ توانرا پرۆسەی رزگارکردنی شاری موسڵ و بەفەرمی رووخاندنی خەلافەتی داعش رابگەیەندرێت.

دوای رووخانی خەلافەتەکەی داعش، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان (بێجگە لە بزووتنەوەی گۆڕان کە بایکۆتی ئەو کۆبوونەوەیان کردبوو) جارێکی دیکە کۆبووەوە و هەر لەو کۆبوونەوەیەدا پرسیار لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسیی کوردستان کرابوو، ئایا کەی دەتوانن پرۆسەی ریفراندۆم ئەنجامبدەن، کۆمیسیۆن گوتبووی لە ماوەی نێوان(٢٠-٣٠ ئەیلوولی ٢٠١٧) دەتوانین پرۆسەکە ئەنجامبدەین، پاشان هەموو حزبە بەشداربووەکان هەر لەو کۆبوونەوەیەدا رۆژی ٢٥ی ئەیلوولیان وەك رۆژی ئەنجامدانی ریفراندۆم دیاریکرد.

ماوەی بڕیاردان لەسەر دیاریکردنی رۆژی ریفراندۆم و ئەنجامدانی ریفراندۆمدا نزیکەی ٨٠ رۆژ بوو، لەم ماوەیەدا سەرەتا گوشارەکان سادە بوون و تەنانەت یەك دەوڵەتیش بەفەرمی راینەگەیاند کە ئەوان دژی ریفراندۆم بن، بەڵکو پێیان دەگوتین ماوەیەك دوای بخەن، یان ئێمە پشتگیری ناکەین، بەڵام کە وردە وردە لە رۆژی ئەنجامدانی ریفراندۆم نزیك دەبووینەوە، گوشارەکان بە ئاستێك زیادیان کرد کە پرۆسەی ریفراندۆمی گەلی کوردستان بووە مانشێتی سەرەکیی هەموو میدیاکانی جیهان و هەروەها بووە پرسێکی گرنگ لەناو ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، لەم حاڵەتەدا گەلی کوردستان بە رێبەرایەتی بارزانی داوای (بەدیلی) لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکردو راشکاوانە بە جیهانی دەگوت: «ئەگەر گەلی کوردستان ریفراندۆم نەکات، بەدیلی ئێوە چییە بۆ ئەوەی کێشەکانی نێوان هەرێم و عێراق چارەسەر بکرێن و دەستووری عێراق جێبەجێ بکرێت؟» لەبەرامبەر ئەم داوایەی خەڵکی کوردستان هیچ بەدیلێکی وەك گەرەنتی بۆ مافەکانی خەڵکی کوردستان دیاری نەکرد، بۆیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە رۆژی ٢٣ی ئەیلوولی ٢٠١٧ و لەبەردەم ئاپۆرایەکی گەورەی خەڵکی کوردستاندا رایگەیاند: «من خۆم شەرمەزاری میللەتی خۆم ناکەم.» ئەم پەیامەی بارزانی وەڵامێك بوو بۆ تەواوی دەوڵەتانی ناتۆ و ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا، کە چەندین ئۆفەریان خستبووە بەردەم شەخسی بارزانی کە ریفراندۆم دوابخات، بۆیە بارزانی لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا بە راشکاوانە رایگەیاند: «چارەنووسی میللەتەکەم لە هەموو ئەو ئۆفەرانە بە گەورەتر دەزانم و خۆم شەرمەزاری میللەتی خۆم ناکەم.»

کاتێك لە رۆژی ٢٥ی ئەیلوول خەڵکی کوردستان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان و بە رێژەی ( ٩٢,٧٪) بە «بەڵێ» دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، بەمەش جیهان خۆی لەبەردەم دیفاکتۆیەکی تازەدا بینییەوەو عێراق و دەوڵەتانی دراوسێشی کە تا ئەوپەڕی دژی پرۆسەی ریفراندۆمەکە بوون، بێجگە لە پەنابردن بۆ سزای ئابووری و گەمارۆی ئاسمانی لە دژی کوردستان توانای هیچ کاردانەوەیەکی دیکەیان نەبوو، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو دەوڵەتانی دراوسێ بەتایبەتی (تورکیا و ئێران) بەپێی یاسای نێودەوڵەتی ئەو مافەیان نەبوو بیر لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بکەنەوە لە دژی کوردستان، هەروەها هێزەکانی عێراقیش (حەشدی شەعبی، سوپا، پۆلیسی فیدراڵی) زۆر باش دەیانزانی ئەگەر هێرش بکەنەوە سەر کوردستان ئەوا سەرکەوتوو نابن و هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانای هەیە بەرگری لە کوردستان بکات، بۆیە بەناچاری و بە هاوکاری دەوڵەتانی دراوسێ، بیریان لەوە کردەوە کە رێککەوتن لەگەڵ باڵێکی ناو یەکێتی نیشتمانی بکەن و ئەم رێککەوتنەش وەك پاقڵ تاڵەبانی دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بە میدیاکانی راگەیاند، ٣٨ ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی نیشتمانی ئیمزایان کردبوو.

خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بە هاوشێوەی هێرشی تیرۆریستانی داعش، گورزێکی کوشندە بوو بەر قەوارەی سیاسیی کوردستانی عێراق کەوت، بەڵام قارەمانیەتی پێشمەرگە و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان، چۆن لە شەڕی دژی داعشدا، هێزی پێشمەرگەی

کردە، ئەو سوپا قارەمانە کە توانای پاراستنی کوردستانی هەیە، بە هەمان شێوە دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەریش هێزی پێشمەرگە لە داستانەکانی پردێ و مەخموور و مەحمودیە و تەلسقوف و سحێلا سەلماندیەوە کە توانای پاراستنی کوردستانی هەیە، لە هەمانکاتدا ئەو قەناعەتەش بۆ خەڵکی کوردستان باشتر لە هزری هەر تاکێکی ئەم کوردستانە چەسپایەوە کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیش چیدیکە خەونی شاعیرانە نییە.

**● رەگی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر لەناو قووڵایی مێژووی خۆماندایە و ریشەکێشمان نەکردووە**

خیانەتی نیشتمانی، وەك پرسێك بۆ تۆڵەسەندنەوە، یان چاولێ پۆشین مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت، کاتێك ئاستی تاوان دەگاتە خیانەتی نیشتمانی و میللەت دەگاتە ئەو قەناعەتەی ئەم خیانەتە هیچ پاکانەیەکی بۆ ناکرێت و کارێکە دژی هەموو بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان لەلایەن تاقمێك، یان گرووپێکی ناو حزبێکی سیاسییەوە ئەنجام دراوە، ئەوا هەڵوەستە و بەدواداچوون لەسەر ئەم پرسە بازنەی تەسکی حزبایەتی، یان دژایەتی حزبێك دژی حزبێکی دیکە تێدەپەڕێنێت و لە چوارچێوەیەکی نیشتمانیدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و دەبێتە ئەرکێکی دەستەجەمعی و دەبێت هەموو حزبە سیاسییەکان و هەموو تاکێکی ئەم نیشتمانە هەڵوەستەی جددی لەسەر بکات و پێکەوە هاوکارو هەماهەنگ بن بۆ ئەوەی هەموومان خۆمان بکەینە بەرپرسیار لەو خیانەتە و رەگ و ریشەی ئەو تاوانە لەناو مێژووی خۆماندا هەڵبکێشن.

ئەو گرووپ تاقمەی لە ناو حزبێکدا، یان تەنانەت ئەگەر گرووپێك ئەفسەریش بن لەناو سوپای وڵاتێکدا کە هەڵدەستن بە دارشتنی پیلانێك بۆ ئەنجامدانی خیانەتێکی نیشتمانی، لەوە بچووکترن کارەساتی گەورە بەسەر گەل و نەتەوەدا بهێنن، ئەگەر بیری رەشی بوغز و کینە زۆنگاوێکی چەقبەستووی بۆگەنی لەناو مێژووی نەتەوەدا دروست نەکردبێت.

لێرەوە ئەگەر بە شێوەیەکی رەخنەگرانە مێژووی خۆمان بخەینە بەردەم چەکوشی رەخنە، ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی هەموومان بە مێژوونووسەکانیشمانەوە، جۆرێك لە بێباکی، یان چاوپۆشیمان بەرامبەر ئەم زۆنگاوە بۆگەنە کردووە و، هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەم بێباکی و چاوپۆشینە ئەو ترسە بووە کە پێمانوابووە ئەگەر لە بازنەیەکی نیشتمانیدا هەوڵەکان یەکبخرێن بۆ راستکردنەوەی ئەو هەڵە و تاوانانەی بوونە ژێرخانێکی پتەو بۆ ئەنجامدانی ئەو خیانەتە، ئیدی یەکڕیزیی نیوماڵی کوردستان تێکدەچێت و دوژمنان سوودی لێوەردەگرن.

ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە مێژووی نەتەوەکان بخوێنینەوە و هەوڵبدەین بۆ شێوازی مامەڵەکردنمان لەگەڵ مێژووی خۆمان سوودی لێوەر بگرین، ئەوا مێژووی نەتەوەکانی جیهان فێرمان دەکات، کاتێك نەتەوە خۆی بێباك دەکات لە هەڵە و تاوان، یان رووداني خیانەتی نیشتمانی لەناو مێژووی خۆیدا، ئەوا ئەو خیانەتە بەردەوامی دەبێت و لە قۆناخێکی دیکەدا و بە شێوازێکی زۆر تراژیدیتر خۆی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام ئەو نەتەوانەی بەدەستەجەمعی خۆیان دەکەن بە خاوەنی تاوان، یان ئەو خیانەتە نیشتمانییانەی لە مێژووی خۆیاندا روویانداوە، ئەوا دوای راستکردنەوەی ئەو خیانەتە نەتەوەیەکی زیندوووی بەئیرادە لەدایك دەبێتەوە و جیهان بە رێزەوە سەیری دەکات و مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

لەوانەیە بۆ ئەم باسە ئەڵمانیای سەردەمی نازیەت، باشترین نموونە بێت، ئاشکرایە ئەو هەڵە و تاوانانەی هیتلەر بەناوی گەلی ئەڵمانیەوە لەدژی مرۆڤایەتی ئەنجامیدا، بووە هۆکاری ئەوەی ئەڵمانیا یەکگرتووەکەی بسمارك بکاتە دوو ئەڵمانیا و ماوەی ٤٥ ساڵ گەلی ئەڵمانیای دووکەرت کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی گەلی ئەڵمانیا (ئەڵمانیای رۆژئاوا) خۆیان کرد بە خاوەنی هەڵە و خیانەتەکانی هیتلەر دژی گەلی ئەڵمان و دژی مرۆڤایەتی، ئەوە بوو وەك بینیمان لە ساڵانی ١٩٣٨ و ١٩٣٩، ئەڵمانیا خۆی هۆکاری ئەو شاڵاوە گەورەی پەنابەران بوو کە هەموو جیهانی بێزار کردبوو، بەڵام هەمان ئەڵمانیا لەساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ خۆی بووە نەوایەکی گەورە بۆ ئەو شاڵاوی ئەو پەنابەرانەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە روویان دەکردە ئەورووپا، ئەڵمانیا

**ئەگەر دوای ساڵێک سەیری ئاکامە خراپەکانی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بکەین، دەبینین ئەم خیانەتە نیشتمانییە، پێش ئەوەی وەک تۆڵەسەندنەوە دژی لایەنێکی سیاسیی دیاریکراوی کوردستان ئەنجامدرابێت، پێش هەر لایەنێک، زیان و کارەساتی گەورەی بەسەر حزبەکەی خۆیاندا هێناوە**

**دەبێت هەموو حزبە سیاسییەکان و هەموو تاکێکی ئەم نیشتمانە هەڵوەستەی جددی لەسەر خیانەتی نیشتمانی بکەن و پێکەوە هاوکارو هەماهەنگ بن بۆ ئەوەی هەموومان خۆمان بکەینە بەرپرسیار لەو خیانەتە و رەگ و ریشەی ئەو تاوانە لەناو مێژووی خۆماندا هەڵبکێشن**

**ئەو گرووپ تاقمەی لە ناو حزبێکدا، یان تەنانەت ئەگەر گرووپێک ئەفسەریش بن لەناو سوپای وڵاتێکدا کە هەڵدەستن بە دارشتنی پیلانێک بۆ ئەنجامدانی خیانەتێکی نیشتمانی، لەوە بچووکترن کارەساتی گەورە بەسەر گەل و نەتەوەدا بهێنن، ئەگەر بیری رەشی بوغز و کینە زۆنگاوێکی چەقبەستووی بۆگەنی لەناو مێژووی نەتەوەدا دروست نەکردبێت**

**ئەگەر ئێمە پەندێک لە مێژووی تازەی گەلی ئەڵمانیای دوای گەورەترین کارەساتی شەڕی دووەمی جیهانی وەربگرین، ئەوا دەبێت ئێمەش وەک نەتەوە و گەلی کوردستان خۆمان بکەین بە خاوەنی ئەو فاکتەرە هەڵانەی ناو مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان کە بوونە هۆکاری ئەنجامدانی خیانەتی نیشتمانی**

**ئایا ئەنجامدەرانی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر پێش ئەوەی زیان بە هەر لایەنێکی سیاسیی دیکە بگەیەنن، کودەتایان بەسەر حزبەکەی خۆیاندا نەکردو هەر خۆیان پارێزگاری کەرکووکیان لەدەستی یەکێتی دەرنەهێنا و راکان جبوریيان نەخستە جێگەی د.نەجمەدین کەریم کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبەکەی خۆیان بوو؟**

**کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بۆتە هۆکاری ئەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە هەڵبژاردنەکان بترسێت، لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەر دوو هەڵبژاردن لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان ئەنجامدراوە، یەکێتی نیشتمانی بە جۆرێک لەناوچەکانی خۆی ئەم پرۆسانەی ناشیرین کردووە کە هەموو حزبەکانی کوردستان بێزاری خۆیان نەشاردۆتەوە و بە ئاشکرا دەریانبڕیوە**

بە راستکردنەوەی هەڵەکانی هیتلەر توانی جارێکی دیکە لەسەر دەستی هیلمۆت کۆل گەلی ئەڵمانیا بکاتەوە بە یەك گەل و هەردوو ئەڵمانیاکە تێکەڵاوی یەکتری بکاتەوە و بەرلینی دابەشکراو بکاتەوە بە یەك بەرلین وەك پایتەختی ئەڵمانیای یەکگرتوو.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا کام لە دوو بەشەکەی ئەڵمانیا تێکەڵاوی ئەوی دیکە کرایەوە؟ بێگومان ئەڵمانیای رۆژهەڵات لەگەڵ ئەڵمانیای رۆژئاوا تێکەڵاو کرایەوە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو بەشەی گەلی ئەڵمان خۆی کرد بە خاوەنی هەڵەو تاوانەکانی هیتلەر کە لەو بەشە دەژیان کە لەسەردەمی شەڕی سارد پێیان دەگوت: (ئەڵمانیای رۆژئاوا). لێرەوەش ئەگەر ئێمە پەندێك لە مێژووی تازەی گەلی ئەڵمانیای دوای گەورەترین کارەساتی شەڕی دووەمی جیهانی وەربگرین، ئەوا دەبێت ئێمەش وەك نەتەوە و گەلی کوردستان خۆمان بکەین بە خاوەنی ئەو فاکتەرە هەڵانەی ناو مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان کە بوونە هۆکاری ئەنجامدانی خیانەتی نیشتمانی.

لێرەوە ئەگەر دوای ساڵێك سەیری ئاکامە خراپەکانی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بکەین، دەبینین ئەم خیانەتە نیشتمانییە، پێش ئەوەی وەك تۆڵەسەندنەوە دژی لایەنێکی سیاسیی دیاریکراوی کوردستان ئەنجامدرابێت، پێش هەر لایەنێك، زیان و کارەساتی گەورەی بەسەر حزبەکەی خۆیاندا هێناوە کە ئەویش یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، ئەگەر لێرەدا تەنیا کەرکوك بە نموونە وەربگرین، دەکرێت ئاماژە بەم خاڵانە بکەین:

١- هەموو هەوڵی ئێستای یەکێتی نیشتمانی ئەوەیە کە بتوانێت ئەندامێکی یەکێتی بکاتەوە بە پارێزگاری کەرکوك، ئەویش بە هەر نرخێك بێت و بارودۆخی کەرکوك هەر چۆنێك بێت، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە ساڵی پار پێش ئەنجامدانی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، پارێزگاری کەرکوك کێ بوو و ئەندامی کام حزبی سیاسی بوو؟ ئایا ئەنجامدەرانی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر پێش ئەوەی زیان بە هەر لایەنێکی سیاسیی دیکە بگەیەنن،



کودەتایان بەسەر حزبەکەی خۆیاندا نەکردو هەر خۆیان پارێزگاری کەرکووکیان لەدەستی یەکێتی دەرنەهێنا و راکان جبوریيان نەخستە جێگەی د.نەجمەدین کەریم کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبەکەی خۆیان بوو؟

٢- ئەنجامدەرانی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر فەوزایەکی سیاسیی ئەوتۆیان لەناو یەکێتیدا دروست کردووە کە کار گەیشتە ئەوەی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر مەکتەبی سیاسیی یەکێتی هەڵبوەشێننەوە و نەشیانتوانی مەکتەبێکی سیاسیی تازە دابنێنەوە، بۆیە بەبێ ئەوەی بڕیاری هەڵوەشانەوەکە لەبەر چاو بگیرێت، هەر مەکتەبە سیاسییە کۆنەکە درێژە بە کارەکانی خۆی دەدات.

٣- کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بۆتە هۆکاری ئەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە هەڵبژاردنەکان بترسێت، لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەر دوو هەڵبژاردن لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان ئەنجامدراوە، یەکێتی نیشتمانی بە جۆرێك لەناوچەکانی خۆی ئەم پرۆسانەی ناشیرین



کردووە کە هەموو حزبەکانی کوردستان بێزاری خۆیان نەشاردۆتەوە و بە ئاشکرا دەریانبڕیوە.

ئەوجا ئەگەر لێرەوە لەسەر دەرهاویشتە خراپەکانی ئەم خیانەتە لە بازنەیەکی فراوانی نیشتمانی و نەتەوەییدا هەڵوەستە بکەین و سەرنج لەو مەترسییانە بدەین کە خستوویەتە سەر کۆی بەها نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان، ئەوا ئێستا دەبینین، چۆن لە شەستەکانی سەدەی رابردوو بێباکی و چاوپۆشینمان لەو هەڵە و خیانەتە نیشتمانییە بووە هۆکاری ئەوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان کەرت ببێت و پاشان وەك ئایدیۆلۆژیەتی جیاواز ئەو بەشە پێناسە بکاتەوە، ئەمەیان بە هەرحاڵ لە ناوماڵی کوردا بووەو لەوانەیە زۆر مەترسیدار نەبووبێت، بەڵام دەرهاویشتە خراپەکانی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر ئەمجارەیان گوتاری نیشتمانی و نەتەوەیی کوردستانی دوولەت کردووەو لەچوارچێوەی گوتاری کوردستانی و عێراقیدا پێناسەی دەکاتەوە و ئەگەر ئەم مەترسییە بە هەند وەرنەگرین و نەیکەینە پرسێکی نیشتمانیی گشتی، ئەوا نەك هەر حکومەتی عەرەبی عێراق، بەڵکو ئێران و تورکیا و سووریاش ئەم کەرتبوونە بە دەرفەت وەردەگرن و گوتاری نیشتمانی و نەتەوەیی لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا بەرەو گوتاری ئێرانی و تورکی و سووری هەنگاو هەڵدەگرێت.

ئەمەیە وادەکات، خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر وەك کاردانەوەی بوغز و کینەی لایەنێك دژی لایەنێکی دیکە سەیر نەکرێت و خیانەتەکەش وەك تاوانی لایەنێك، یان تاقمێك دژی لایەنێکی دیکەی سیاسی سەیر نەکرێت، بەڵکو ئەم خیانەتە نیشتمانییە تاوانێکە دژی تاك بە تاکی خەڵکی کوردستان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە کراوە و دەبێت هەموو پێکهاتەکانی کوردستان لەسەر ئەم خیانەتە لە بازنەیەکدا ئیرادەیەك کۆیان بکاتەوە، کە ئەویش ریشەکێشکردنی رەگ و ریشەی ئەو فیکرە رەشەیە کە ئەو زنگاوە بۆگەنەی لەناو مێژووەکەمان دروست کردووە.

**دەرهاویشتە خراپەکانی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر ئەمجارەیان گوتاری نیشتمانی و نەتەوەیی کوردستانی دوولەت کردووەو لەچوارچێوەی گوتاری کوردستانی و عێراقیدا پێناسەی دەکاتەوە و ئەگەر ئەم مەترسییە بە هەند وەرنەگرین و نەیکەینە پرسێکی نیشتمانیی گشتی، ئەوا نەک هەر حکومەتی عەرەبی عێراق، بەڵکو ئێران و تورکیا و سووریاش ئەم کەرتبوونە بە دەرفەت وەردەگرن و گوتاری نیشتمانی و نەتەوەیی لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا بەرەو گوتاری ئێرانی و تورکی و سووری هەنگاو هەڵدەگرێت**



**مەسعود حەیدەر**

چاودێر و شرۆڤەوانی سیاسی بۆ گوڵان:

# پرسی سەرەکی لای کاک مسعود بارزانی بەرنامەی داهاتووی حکومەتی عێراقە نەک پرسی پۆستەکان

# پێویستە رێز لە ئیرادەی دەنگدەرانی کوردستان بگیرێت و قۆناخی داهاتوو، قۆناخی سەقامگیری و بەهێزکردنی هەرێمی کوردستان بێت

**پرسی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و کاردانەوەکانی ئەو جۆرە هەڵبژاردنە لەسەر پێگەی کورد لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، هەروەها هەڵسەنگاندنی رۆڵی سەرۆك وەزیرانی نوێی عێراق لە چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی و چەند پرسێکی پەیوەندیدار بە دۆخی ئێستا و دادێی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا تەوەری سەرەکیی ئەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ مەسعود حەیدەر چاودێر و شرۆڤەوانی سیاسیی کورد پێکدەهێنن.**

*** دوای هەڵبژاردنی پۆستی سەرۆك کۆمار بەوشێوەیە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان رەخنەی لەسەر ئەو میکانیزمە هەیەو هەر ئەمەش وایکرد کاندیدەکەی خۆی بکێشێتەوە، ئایا خراپیی ئەو میکانیزمە بۆ پێگەی کوردستان لە عێراقدا چییە؟**

- پێش هەموو شت، پۆستی سەرۆك کۆمار وەك عورفێکی سیاسی پشکی پێکهاتەی کوردە لە عێراقدا و ئیستحقاقی هیچ حزبێکی سیاسی نییە بە پارتی و یەکێتیشەوە، لەسەرەتاوە هەماهەنگی هەبوو کە بۆ ئەم پۆستە یەك کەس کاندید بکرێت و کاندیدی هاوبەش بێت، بەڵام یەکێتی نیشتمانی وەك سەفقەیەك بۆ کێشەی ناوخۆیی حزبەکەیان، د.بەرهەمساڵحیان کاندید کرد، بەبێ ئەوەی هەماهەنگی لەگەڵ هیچ لایەنێکی کوردستانی بکەن، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی چەند کەسی دیکە لەلایەن حزبەکانی دیکەوە خۆیان کاندید بکەن و پارتی دیموکراتی کوردستانیش بۆ ئەم پۆستە د.فوئاد حوسێنی کاندید کرد، ئێمە کە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم پۆستە چووینە بەغدا، جەختمان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەم پۆستە ئیستحقاقی کوردەو دەبێت لایەنە سیاسییەکان لەنێوان هەموو کاندیدەکاندا یەك کاندید وەك نوێنەری گەلی کوردستان دیاری بکەن، بۆ ئەمەش دەبوو پێڕەوی دوو میکانیزم بکرێت، یەکەمیان دەکرا کە هەموو لایەنە سیاسییەکان لەسەر بنەمای تەوافق یەك کاندید دیاری بکەن، یان دەکرا وەك ساڵی ٢٠١٤ کە

چۆن لە نێوان د.فوئاد مەعسوم و د.بەرهەم ساڵح هەڵبژاردن کرا، ئەمجارەش بەو شێوەیە هەڵبژاردن بکرێت و هەر کاندیدێك دەرچوو ئەو پۆستەکە وەربگرێت. بۆ ئەمە هەوڵێکی زۆر درا و لە رۆژی کۆتاییشدا ئەو تەوافقەی کە ئێمە دەمانویست کرا و لەنێوان کاك نێچیرڤان بارزانی و پاڤڵ تاڵەبانی رێککەوتن کرا، بەڵام دوای ئەوەی دانیشتنی پەرلەمان کرا و دەنگدان دەستی پێکرد، خەڵکانێکی دیکە لەناو یەکێتی لە رێککەوتنەکە پەشیمان بوونەوەو گوتیان ئەو تەوافقەی کە کراوە، ئێمە پێی رازی نین و کاندیدەکەمان ناکشێنینەوە، بێگومان ئەو رەفتارەی یەکێتی مەسجێکی زۆر خراپی تێدابوو، ئەویش ئەوە بوو کە ئیستحقاقی کوردیان لە دەستی کورد دەرهێناو دایانە دەستی پێکهاتەکانی دیکەی عێراق، ئەمە لە کاتێکدا بەشی زۆری سوننە بە بڕیاری خۆیان سەرۆك پەرلەمانیان داناوە، هەروەها لایەنە شیعەکان بە تەوافق کاندیدێکیان بۆ سەرۆك وەزیران دیاری کردووە، هەربۆیە ئێمە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماردا لە کۆی پرۆسەکە ناڕازی بووین، لەسەر ئەم بنەمایەش ئەوە بوو هێشتا خولی یەکەمی دەنگدان کۆتایی نەهاتبوو، بە بڕیارێکی سیاسی لەلایەن جەنابی کاك مسعود بارزانی، بڕیار درا کە کاندیدەکەمان بکشێنینەوە و وەك بینیشتان د.فوئاد حوسێن لە جەولەی دووەمی دەنگداندا بەشداری نەکرد.

*** بەپێی ئەوەی ئەزموونێکی باشت لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەیە، ئایا پێتوایە دوای ئەوەی پەرلەمانی عێراق بەم میکانیزمە سەرۆك کۆماری هەڵبژارد، چ گۆڕانکارییەك لە پێگەی کورد لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا دێتە ئاراوە؟**

- پێش ئەوەی باس لە کاریگەرییە خراپەکانی ئەم شێوازەی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار بکەم، پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە پێشتر هەموو سەرکردە سیاسییەکانی عێراق جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەبێت ئەو کەسەی دەبێتە سەرۆك کۆمار پشتیوانییەکی بەهێزی لەلایەن جەنابی مسعود بارزانی-یەوە هەبێت، ئەمەش نەك وەك سەرۆك حزبێك، بەڵکو لەبەر ئەوەی مسعود بارزانی وەك مەرجەع و رێبەری کورد لە عێراقدا سەیر دەکرێت. هەروەها ئەوان دەزانن ئەو بڕیارە سیاسییانەی پەیوەستن بە کورد، ئەگەر سەرەنجام کاك مسعود بارزانی پێی رازی نەبێت، ئەوا ئەو بڕیارانە ناتوانن نوێنەرایەتی کورد بەشێوەیکی گشتی بکەن. ئەوەشی ئێستا روویداوە، بێگومان سەرکردە سیاسییەکانی شیعە و سوننە دەزانن، ئەو بەرهەم ساڵحەی کە ئێستا سەرۆك کۆماری عێراقە، ئەگەر پشتیوانییەکی بەهێزی کورد و شەخسی کاك مسعود بارزانی نەبێت، ئەوا سەرۆك کۆمارێکی لاواز دەبێت و لە پرۆسەی سیاسیی عێراقیشدا هیچ رۆڵێکی سەرەکی نابێت. خویندنەوەی شەخسی من بۆ دەنگدانی شیعەکان بە بەرهەم ساڵح ئەوەیە کە لایەنە شیعەکانی عێراق سەرۆك کۆمارێکی بەهێزیان ناوێت، بەو مەبەستەش نایانەوێت، چونکە لە دەستووردا هاتووە کە سەرۆك کۆمار و ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی جێبەجێکردن پێکدەهێنن، بۆیە نایانەوێت لەناو دەسەڵاتی جێبەجێکردندا حکومەت شەریکێکی بەهێزی هەبێت.

*** د. عادل عەبدولمەهدی کە راسپێردراوە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی عێراق، شێوازێکی نوێ بۆ پێکهێنانی کابینەکەی پیادە دەکات، ئایا بۆچی پەنای بردۆتە بەر ئەم شێوازە تازەیە و پێتوایە تاچەند سەرکەوتوو دەبێت؟**

- لایەنە سیاسییە شیعەکان دەیانەوێت گۆڕانکاری لە پێکهێنانی حکومەتدا بکەن و ئامانجیشیان لەم گۆڕانکاریە ئەوەیە کە بتوانن چاکسازی ئەنجام بدەن، هەروەها خەڵکی عێراقیش بە شیعەکانیشەوە لە شێوازی ١٥ ساڵی رابردووی حوکمڕانیی عێراق ناڕازین، ئەمەش ئەرکێکی زۆر قورس دەخاتە سەر شانی حکومەتی داهاتووی عێراق و شەخسی عادل عەبدولمەهدی، بۆیە بە خوێندنەوەی من حکومەتی داهاتووی عێراق چوار ئەرکی زۆر گەورەی دەکەوێتە سەرشان کە بریتین لە:

١. بەرەنگاربوونەوەی ئەو گەندەڵییە گەورەیەی کە لە هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراقدا بوونیان هەیە.

٢. دەبێت میکانیزمێك بدۆزرێتەوە بۆ

پێشتر هەموو سەرکردە سیاسییەکانی عێراق جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەبێت ئەو کەسەی دەبێتە سەرۆک کۆمار پشتیوانییەکی بەهێزی لەلایەن جەنابی مسعود بارزانی-یەوە هەبێت، ئەمەش نەک وەک سەرۆک حزبێک، بەڵکو لەبەر ئەوەی مسعود بارزانی وەک مەرجەع و رێبەری کورد لە عێراقدا سەیر دەکرێت

یەکێتی نیشتمانی وەک سەفقەیەک بۆ کێشەی ناوخۆیی حزبەکەیان، د.بەرهەم ساڵحیان کاندید کرد، بەبێ ئەوەی هەماهەنگی لەگەڵ هیچ لایەنێکی کوردستانی بکەن

ئەو رەفتارەی یەکێتی مەسجێکی زۆر خراپی تێدابوو، ئەویش ئەوە بوو کە ئیستحقاقی کوردیان لە دەستی کورد دەرهێناو دایانە دەستی پێکهاتەکانی دیکەی عێراق، ئەمە لە کاتێکدا بەشی زۆری سوننە بە بڕیاری خۆیان سەرۆک پەرلەمانیان داناوە، هەروەها لایەنە شیعەکان بە تەوافق کاندیدێکیان بۆ سەرۆک وەزیران دیاری کردووە

نەهێشتنی بیکاریی سێبەر، ئاشکرایە ژمارەیەکی هێجگار زۆر فەرمانبەری زیاد هەن و هیچ ئیشوکارێکیان نییە، بۆیە دەبێت کەرتی گشتی بچووك بکاتەوە و کەرتی تایبەت چالاك بکات.

٣. دەبێت لایەنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان چاکسازی تێدا بکرێت و توانای ئەوەی هەبێت خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان دابین بکات.

٤. لایەنی ئاسایش و سەقامگیریی عێراق کە ئەمەش دەبێت چاکسازی تێدا بکرێت، بۆ ئەوەی توانای ئەوەی هەبێت سەقامگیری دابین بکات.

لەم چوار خاڵەش گرنگتر ئەوەیە کە حکومەتی داهاتووی عێراق هەوڵبدات کێشە کەڵەبووەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر بکات، بەتایبەتی کێشەی خاك کە پەیوەستە بە ماددەی ١٤٠ی دەستوور، پرسی پێشمەرگە، چارەسەرکردنی پرسی نەوت لەگەڵ هەرێمدا، دۆسێی دارایی نێوان هەرێم و بەغدا. بۆ ئەم پرسە لایەنی کوردی چاوەڕێ دەکات، بزانن حکومەتی داهاتوو تاچەند بەپیر ئەم پرسانەوە دێت، کە هەموویان پرسی دەستوورین لە نێوان هەرێم و حکومەتی داهاتووی عێراقدا.

*** بمانەوێت، یان نەمانەوێت، ئەو میکانیزمەی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار لێکترازانێکی لەنێوان شاندی هاوبەشی پارتی و یەکێتی دروستکردووە، ئایا پێتوایە پارتی چۆن لەگەڵ پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراقدا مامەڵە دەکات؟**

- بێگومان ئەوە کاریگەریی خراپی دەبێت و هەنگاوێکی ناتەندروست بووە، بەڵام سەبارەت بە مامەڵەی پارتی لەگەڵ پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی عێراق، ئەوەی دەیبینین ئەوەیە کە جاریٚ سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی لە لێدوانێکدا رایگەیاندووە کە ئێمە هێشتا بریارمان نەداوە کە بەشدار دەبین، یان بەشدار نابین لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا، ئەم هەڵوێستە لە بەیاننامەی مەکتەبی سیاسیی پارتیدا دووبارە جەختی لەسەر کراوەتەوە، بۆیە ئەوەندەی من بزانم هێشتا پارتی لەسەر ئەم پرسە خۆی یەکلایی نەکردۆتەوە و جاریٚ چاودێری ئەوە دەکات بزانێت پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت لە چوارچێوەی چ بەرنامەیەك دەبێت، لە بەشێکی زۆری ئەو کۆبوونەوانەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی پارتی لەسەر ئەم پرسە کردوویەتی و لە راگەیاندنەکاندا ئاماژەی پێکراوە، پارتی جەخت لەسەر بەرنامەی داهاتووی عێراق دەکاتەوە، پرسی پۆستەکان وەك شتێکی لاوەکی سەیر دەکات. بەپێی زانیاریی من ئەوەی کە پرسی سەرەکین لای جەنابی کاك مسعود و پارتی بریتین لە بەرنامەی داهاتووی حکومەتی عێراق و دانانی سەقفی زەمەنی بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە، هەروەها میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە، بۆیە وەك هەنگاوی یەکەم ئەگەر لەسەر ئەمانە رێککەوتن نەکرێت، ئەوا بۆچوونی من ئەوەیە نەك تەنیا پارتی، بەڵکو پێویستە کۆی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان هەڵوێستی روونیان هەبێت.

*** ئاشکرایە قورسایی و ئاستەنگ لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بوونیان هەیە، بەڵام ئەوەی جێگەی گەشبینییە کە د.عادل عەبدولمەهدی وەك سەرۆك وەزیرانی داهاتووی عێراق چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت مامەڵەیەکی باش لەگەڵ ئەو کێشانە بکات، لەسەر ئەمە رات چییە؟**

- بە بڕوای من نابێت زۆر بە گەشبینییەوە سەیری رۆڵی کەسەکان بکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەر کەسێك پۆستی سەرۆك وەزیران لە عێراقدا وەربگرێت، کۆمەڵێك فاکتەر لە دەرەوەی ئیرادەی خۆی تەحەکومی لەسەر دەکات، وەك شەقامی عێراقی، بەرنامەی حزبە سیاسییە بەشدارەکان لە حکومەتدا، لە سەرووی هەمووشیانەوە موزایەداتی سیاسی، بۆیە مەزندەکە بەو جۆرەیە کە ئەو عادل عەبدولمەهدییەی کە وەزیری نەوت بوو، ئەو عادل عەبدولمەهدیە نابێت کە سەرۆك وەزیرانی داهاتووی عێراق دەبێت، هەربۆیە ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە، ئەوە نییە کێ دەبێتە سەرۆك وەزیرانی عێراق، لەگەڵ رێزمان بۆ کەسەکە، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەو کەسەی دەبێتە سەرۆك وەزیران رێز لە دەستووری یاساکانی عێراق و رێز لە مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان بگرێت و پابەند بێت بە جێبەجیکردنی

**سەرکردە سیاسییەکانی شیعە و سوننە دەزانن، ئەو بەرهەم ساڵحەی کە ئێستا سەرۆك کۆماری عێراقە، ئەگەر پشتیوانییەکی بەهێزی کورد و شەخسی کاك مسعود بارزانی نەبێت، ئەوا سەرۆك کۆمارێکی لاواز دەبێت و لە پرۆسەی سیاسیی عێراقیشدا هیچ رۆڵێکی سەرەکی نابێت**

**شیعەکانی عێراق سەرۆك کۆمارێکی بەهێزیان ناوێت، بەو مەبەستەش نایانەوێت، چونکە لە دەستووردا هاتووە کە سەرۆك کۆمار و ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی جێبەجێکردن پێکدەهێنن، بۆیە نایانەوێت لەناو دەسەڵاتی جێبەجێکردندا حکومەت شەریکێکی بەهێزی هەبێت**

**هەر کەسێک پۆستی سەرۆك وەزیران لە عێراقدا وەربگرێت، کۆمەڵێک فاکتەر لە دەرەوەی ئیرادەی خۆی تەحەکومی لەسەر دەکات**

ئەو مافە دەستوورییانە لە چوارچێوەی سەقفێکی زەمەنی و دیاریکراودا.

*** کێشەیەکی دیکە کە ئێستا خەریکە بۆ لایەنی کوردی لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و کوردستان دروست دەبێت، پێداگریی یەکێتییە لەسەر دانانەوەی پارێزگاری کەرکووک لەم بارودۆخە نالەبارەی کەرکووکدا، تەنانەت باس لەوە دەکرێت هەتا ئەگەر ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکیش ئەو بڕیارە نەدات، پەنا بەرنە بەر سەرۆك وەزیرانی داهاتووی عێراق بۆ ئەوەی پارێزگاری کەرکووك دابمەزرێنن، ئایا ئەمەیان تاچەند کاریگەری دەبێت؟**

- ئەوەی بۆ کەرکووك لە دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە گرنگە، ئەوەیە چیدیکە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەر هەمان شێواز بەردەوام نەبێت کە درزێکی گەورەی خستە نێوماڵی کوردەوە، دیارە پۆستی پارێزگاری کەرکووکیش لەم قۆناخەدا کە شارەکە بە ئەحکامی عورفی و عەسکەرتاری بەڕێوەدەبرێت، هەر کەسێك بکرێتە پارێزگار هیچ رۆڵێکی نابێت، ئێستا لەناو شاری کەرکووك ئەفسەرێك دەسەڵاتی لە پارێزگار زیاترە، بۆیە ئەوەی بۆ ئێستا گرنگە ئەو لیژنەیەی لەنێوان پارتی و یەکێتی هەیە و ئامانجیان ئەوەیە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووك رێککەوتن بکەن، بۆ ئەوەی ئیدارەی هاوبەش پێکبهێنرێت و هەماهەنگیی ئەمنی لەنێوان هەرێم و بەغدا هەبێت و هێزی پێشمەرگە لەگەڵ هێزەکانی عێراقدا لیژنەی هاوبەش دروست بکەن، هیچ کارێك لە دەرەوەی ئەو لیژنەیە نەکرێت، ئەوجا دوای پابەندبوون بە هەنگاوەکانی ئەو لیژنە هاوبەشەی پارتی و یەکێتی، لایەنە کوردستانییەکان بەگشتی و پارتی و یەکێتی بەتایبەتی چۆن رێکدەکەون، کاندیدێك بۆ پارێزگاری کەرکووك دادەنێن، ئەوا دەکرێت پارێزگاری کەرکووك دابنرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر پارێزگاری کەرکووك پشتیوانییەکی بەهێزی سیاسی نەبێت، ئەوا ناتوانێت هیچ رۆڵێك بگێڕێت، ئەوەشی ئێستا باس لە دانانەوەی پارێزگاری کەرکووك دەکات بەم بارودۆخەی ئێستاوە، ئەوا هەتا ئەگەر داشبنرێتەوە، بێجگە لەو کورسییەی لەسەری دانیشتووە، هیچ رۆڵێکی لە ئیدارەی شارەکەو خزمەتکرنی هاووڵاتیانی شاری کەرکووکدا نابێت، سەبارەت بەو لایەنەی پرسیارەکەشتان و دامەزراندنی پارێزگار لەلایەن سەرۆك وەزیرانی عێراقەوە، بە دڵنیاییەوە بە هیچ جۆرێك دامەزراندنی پارێزگار لە دەسەڵاتی سەرۆك وەزیراندا نییە و دانانی پارێزگار لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگادایە، هەر بۆیە دانانەوەی پارێزگاری کەرکووکیش هەر لەلایەن ئەنجومەنی پاریزگای کەرکووکەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت.

*** لەدوای ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، چاوەڕێی ئەوە دەکرێت کە هاوکێشەیەکی تازەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دروست بێت، ئایا تاچەند ئەم هاوکێشە سیاسییە تازەیە یەکڕیزیی نێوماڵی کوردستان دروست دەکاتەوە؟**

بۆ ئەم قۆناخە تازەیە زۆر گرنگە هەموو پێکەوە هەوڵبدەین پەرتەوازەیی ناوماڵی کورد نەمێنێت و ئەوەی هەیە چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان، من پێشبینی دەکەم پرۆسەی سیاسی لە کوردستان ئاراستەیەکی دیکە بگرێت، بۆیە پێویستە پێش هەموو شت رێز لە ئیرادەی دەنگدەرانی کوردستان بگیرێت و هەوڵبدەین قۆناخی داهاتوو، قۆناخی سەقامگیری و بەهێزکردنی هەرێمی کوردستان بێت، ئەو ئەزموونەی کە لە بەغدا لەسەر پۆستی سەرۆك کرا، هەوڵبدەین لە شوێنی دیکە دووبارە نەبێتەوە، لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستانیشدا گرنگە هەر لایەنێك بە قەوارەی خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و شەریك بێت لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەبێت پەندێك لە ئەزموونی رابردوومان وەربگرین، لە چەند ساڵی رابردوو چەندین ئەزموونی ململانێ و هەوڵی لاوازکردنی یەکتری دراوە، بەڵام سەرەنجام هەر گەڕاوینەتەوە سەر ئەوەی پێکەوە دابنیشین و دانوستاندن بکەین، لە ئاکامی ئەم ململانێیانەشدا هەر تەنیا کوردی پێ لاواز بووە، بۆیە ئەمجارە گرنگە کە لەسەر بنەمای ئاکامی هەڵبژاردن مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی کوردستان بکەین و هەوڵبدەین لەسەر ئاستی عێراقیشدا لەسەر پرسە نیشتمانییەکان یەك هەڵوێست بین.

**ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە، ئەوە نییە کێ دەبێتە سەرۆک وەزیرانی عێراق، لەگەڵ رێزمان بۆ کەسەکە، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەو کەسەی دەبێتە سەرۆک وەزیران رێز لە دەستوورو یاساکانی عێراق و رێز لە مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان بگرێت**

**ئەوەی بۆ کەرکووک لە دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە گرنگە، ئەوەیە چیدیکە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەر هەمان شێواز بەردەوام نەبێت کە درزێکی گەورەی خستە نێوماڵی کوردەوە**

**بە هیچ جۆرێک دامەزراندنی پارێزگار لە دەسەڵاتی سەرۆک وەزیراندا نییە و دانانی پارێزگار لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگادایە، هەر بۆیە دانانەوەی پارێزگاری کەرکووکیش هەر لەلایەن ئەنجومەنی پاریزگای کەرکووکەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت**

# قەیرانی سووریا لە گێژاوی بێ چارەسەریدا



سەلاح بەدرەدین
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

دوای تێپەڕبوونی هەشت ساڵ بەسەر شۆڕشی سووریادا دژی ستەمکارو دیکتاتۆر، کە شۆڕشێکی ئاشتیخوازنە بوو، سەرەتاش بە شێوازی خۆپیشاندان دەستی پێکرد، دواتر بە هۆی ئەوەی کە رژێمی حوکمڕان جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خەڵکی ئەو وڵاتەی رەتکردەوە، ئەم بزووتنەوەیە گۆڕا بۆ شۆڕشێکی چەکدار، کاتێکیش کە حکومەتەکەی ئەسەد هەموو توانا سەربازی و ئەمنی و ئابوورییەکانی خۆی بۆ رووبەڕووبوونەوەی سوورییەکان خستەڕوو، بەمەش نەوەستا کەوتە گیانی هاووڵاتیانی سڤیل و بە سەدانی لێ کوشتن و بە ملیۆنانیشی لە جێگەی بابوباپیرانیان وەدەرناو هەڵمەتی رەشبگیریی دەستپێکردو بە هەزارانی خستە زیندانیەوە، دوای ئەو هەموو نەهامەتییە دەڵێین رژێم خۆی وا پیشاندەدا کە لە رووی سەربازییەوە سەرکەوتووەو دەستی بەسەر ناوچەکاندا گرتۆتەوە، ئەوەی لەبیرچووە کە لە سووریای خاپوورکراودا ئەستەمە بە بێ نیوەی گەلەکەی سەرکەوتوو هەبێت، ئەوەی روویداوە تەنیا تێکچوونی هاوسەنگیی سەربازییە دژی بەرژەوەندییەکانی شۆڕش و ئۆپۆزسیۆن، دوای ئەوەی کە داگیرکاران لە رووسیا و ئێران و میلیشیا تایفەگەرەکانی لوبنان و عێراق و شوێنی دیکە هاتنە ناو وڵاتەوەو پشتیوانییان لە رژێمەکەی ئەسەد کرد و نەیانهێشت بڕووخێت،

ئەوانە هەمـوو جۆرە چەکێکی کوشندەیان دژی ئۆپۆزسیۆن بەکارهێنـا، ئەمـە سـەرەڕای گێڕانی پـیلان لـە ڕێـی ڕێککەوتننامـەو بڕیارگەلـی شـێوەی (ڤیەننـاو ژنێـڤ و ئەسـتانە و سـۆچی و حمێمیم و...تـاد) ئامانجیش لەمـە ئـەوە بـوو کـە هاووڵاتیانـی سـووریا بێبـەش بکـەن لـە هـەر دەرفەتێکی بەدیهێنانی داواکارییە ڕەواکانیان، کە بریتیـن لـە ئەنجامدانی گۆڕانکاریی دیموکراسی و دیاریکردنـی چارەنـووس و بنیادنانـەوەی سـووریای تـازە کـە فرەیـی و شـەراکەتی تێـدا بەرجەسـتە بێت.

بـۆ ئـەوەی زیاتر بابەتییانە بدوێین، پێویستە دان بـەوەدا بنێیـن کـە هۆکارەکانـی گرژیـی زیاتـری ئـەم قەیرانـە و پاشەکشـەکردنی شـۆڕش و ناتەبایی نێـو ڕیزەکانی ئۆپۆزسـیۆن ئەوەیـە کە گرووپەکانـی ئیسـلامی سیاسـی و بەتایبەتیـش ئیخـوان موسـلمین کۆنتـرۆڵـی سـەرچاوەکانی بڕیاریـان کـردووە و دەیانەوێـت نـاوەڕۆك و مەغـزاو ئامانجـە نیشـتمانی و دیموکراسـییەکانی شـۆڕش بـە لاڕێـدا بـەرن و بـە ئەجێنـدای دەرەکیـی ببەستنەوە، ئەمـەش بـواری زیاتـر بـە ڕژێم دەدات کـە لـە حوکمڕانیـدا بـەردەوام بێـت و لەبەرچـاو جیهانیـش بانگەشـەی ئـەوە بـکات، گوایـە پارێـزەری عەلمانییەتـەو ڕووبـەڕووی تیرۆریسـتان و گرووپەکانـی ئیسـلامی سیاسـیی دەبێتـەوە، دوای ئـەوەی سـەروەریی نیشـتمانی ڕادەسـتی داگیرکارانـی ڕووسـیا و ئێـران کـرد.

ئـەوەی ئێسـتا لـە گـۆڕەپانی سـووریادا دەگوزەرێـت بریتییـە لـە ململانێـی ڕاستەوخۆی لایەنـە دەرەکییـەکان، هەنـدێ جاریـش لـە ڕێـی شـەڕگەلێکی دیاریکـراوی بـە وەکالـەت، ڕووسـیا خـاوەن پشـك و هێـزی گەورەیـە کـە سـووریای داگیرکـردووە لـە ڕێی دامەزراندنی بنکەی دەریایی و وشکانیی سـەربازی، هەروەها فڕۆکەخانە، ئەمە وێـڕای ئـەوەی کـە چەندیـن پـڕۆژەی مامناوەنـدو درێژخایەنی هەیە بە مەرامی مانەوە لە سووریا وەك دەروازەیـەك کـە بـۆی بلوێـت دواتر بخزێتـە نێو دەوڵەتانـی دیکـەی ناوچەکـەوە، ئەمـەش لەپێنـاو بەرژەوەندیـی ئابـووری و فراوانکردنـی ناوچەکانـی دەسـەڵات، تاقمـی حوکمڕانـی مۆسـکۆ هـەر لـە سـەرەتاوە لەپـاڵ ڕژێمەکـەی ئەسـەد وەسـتان، چ لـە ڕووی دیپلۆماسـی یـان سـەربازی و

پڕچەککردنـەوە، هەروەهـا خـۆی خزانـدە نێـو ڕیزەکانـی ئۆپۆزسیۆنیشـەوە، ئەمـەش لـە ڕێگـەی دەزگای ئەمنـی و هەواڵگرییـەوە، هـاوکات توانی کەسـانێکی زۆری لایەنگـر بـۆ خـۆی ڕابکێشـێت لـە مەدەنـی و سـەربازی، هەتـا هەنـدێ گرووپـی چەکداریشـی کـردە لایەنگـر، بەمـەش نەوەسـتا تەنانـەت گرێبەسـتی نهێنیشـی لەگـەڵ ئیـدارەی ئەمریـکا ڕێکخسـت تاکـو پێکـەوە سـازان بکـەن لەسـەر سـووریا و دەوڵەتانـی دیکـەی جیهـان.

ڕژێمـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران کـە لەسـەردەمی باوکـی ئەسـەدەوە پەیوەندیی بەهێزی لەگـەڵ ڕژێمـی سـووریادا هەیـە، دوای گـرژی و شـەڕەکانی نێـو خاکـی سـووریا ئـەو هەلـەی قۆسـتەوەو بـە ئاشـکراو بـە شـێوەیەکی فـراوان دەسـتی خستە نێـو وڵاتەکەوە و لـە ڕێی دەریای ناوەڕاسـت و لوبنانـەوە هەوڵـی دامەزراندنـی هیلالـی شـیعە دەدات، ئەمـەش بـەوەی کـە هەسـتیارییەکانی مەزهەبگەرایـی و تایفەگەرایی و دۆخـی شـڵۆق و لاوازیـی سـووریای لـە ئەنجامدانـی گۆڕانکاریـی دیموگرافیـی ڕاگواستنی دانیشتووانە ڕەسەنەکەی بە دەرفەت زانـی، بۆیـە میلیشـیای سـەربازیی خـۆی لـەو شـوێنەدا جێگیرکردو دانیشـتووانی شـیعەمەزهەبی لـە لوبنـان و ئێـران و نـاو سـووریا هێنـا تاکـو پەناگـەی مەزهەبییـان لـێ دروسـت بـکات کـە بـرەو بـە پـڕۆژەی ولایەتـی فەقیـە بـدات.

تورکیـاش وەك لایەنێکـی پشـکدار و گرنـگ لـە قەیرانـی سـووریا تـا توانـی کاری کـرد بـۆ خزمەتکردنـی بەرژەوەندییەکانـی خـۆی، هەتـا ئەگـەر لەسـەر حیسـابی کێشـەی سـووریاش بێـت، دوای ئـەوەی دەسـتیکرد بـە گۆڕینـی پێگـەو هاوپەیمانێتییەکانی پێشـووی و هاتـە پـاڵ ڕووسـیاوە لەبەرامبـەر دەسـتبەرداربوون لـە پەیمانی ناتـۆ و هاوبەشـە ڕۆژئاواییـەکان، هـاوکات تورکیـا گرێبەسـتگەلێکی زۆری ئابـووری لەگـەڵ دراوسـێ دوژمنەکـەی (ئێـران) مۆرکـرد و هەلومەرجـی ئێسـتای قۆسـتەوە بـۆ داگیرکردنـی عەفریـن و دەستبەسـەرداگرتنی ڕووبەرێکـی فراوانـی خاکـی سـووریا بـە پاسـاوی پاراسـتنی ئاسایشـی نەتەوەیـی خـۆی.

هـەر چی ئیسرائیلیشـە پێشـتر و لەئێستاشدا سـوودمەندی یەکەمـە لـە پەرەسـەندنی کێشـەی

ڕووسیا و ئێران و میلیشیا تایفەگەرەکانی لوبنان و عێراق و شوێنی دیکە هاتنە ناو وڵاتەوەو پشتیوانییان لە ڕژێمەکەی ئەسەد کرد و نەیانهێشت بڕووخێت، ئەوانە هەموو جۆرە چەکێکی کوشندەیان دژی ئۆپۆزسیۆن بەکارهێنا

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لەسەردەمی باوکی ئەسەدەوە پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ ڕژێمی سووریادا هەیە، دوای گرژی و شەڕەکانی نێو خاکی سووریا ئەو هەلەی قۆستەوەو بە ئاشکراو بە شێوەیەکی فراوان دەستی خستە نێو وڵاتەکەوە

سووریا، لەلایەن هەموو لایەنەکانی یارییەکە لەسەر گۆڕەپانی سووریادا بەتایبەتیش ئەمریکاو رووسیاو تەنانەت تورکیاش پشتگیری دەکرێت، ئەمەش بۆ دەرکردنی ئێرانە لە سووریا و مانەوەی رژێمی لاوازی سووریا، رژێمەکەی ئەسەد کە ئەوەندە لاوازە تەنانەت لەوەتەی حکومەتی ئالئەسەد کە بۆ نیو سەدە دەچێت جڵەوی حوکمڕانییان بەدەستە، نەیتوانیوە یەك گوللەش بە ئیسرائیلەوە بنێت بۆ گێڕانەوەی جۆلانی داگیرکراو، یان چارەسەرکردنی دادپەروەرانەی کێشەی فەلەستین.

رووسیا وەك دەوڵەتێکی داگیرکار پەلەیەتی کە دەست بەسەر ئاسایش و سەقامگیریدا بگرێت، ئەویش بە زەبری هێز و گوێڕایەڵی، هەروەها دابینکردنی هەندێ مەرج لەوانە نووسینەوەی دەستوورێکی تازە بۆ سووریا تاکو پیشانی جیهانی بدات کە کێشەی سووریا کۆتایی هاتووەو چارەسەریش لەبەردەستدایە، بۆیە پار لە کۆنگرەی سۆتچی پڕۆژەی دەستووری خستەڕوو، هەروەها لەسەر داوای رژێمی ئەسەد زۆر بەندی دەستووری گۆڕی تا لەگەڵ دەستووری ساڵی ۲۰۱۲ی بەعسدا بگونجێن، واتا بێ هیچ گۆڕینێك سەرباری ئەو هەموو قوربانی و وێرانکارییە، هەموو شتێکیش وەك خۆی بمێنێتەوە، وەك بڵێی سووریا هیچ شۆڕش، یان شەڕ، یان رووبەڕووبوونەوەیەکی تێدا نەکرابێت، ئێستاش رووسیا و تورکیاو ئێران رێککەوتوون لەسەر دوادارشتن و تەنانەت لەسەر ئەندامانی لیژنەی دارشتن کە ۱۰۰ ئەندامن و ۵۰یان لە رژێمن و ۲۰ ئەندامیشیان نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیاری دەکات و ۳۰ی دیکەش سەر بە ئۆپۆزسیۆن و کۆمەڵگەی مەدەنی دەبن! لەسەر ئەو بنەمایەی کە مانگی سێپتێمبەر کۆبوونەوەیەك لە ژنێف سازبکرێت بۆ باسکردنی ئەو مژارە، دەربارەی ئەو مەسەلەیەش ناکۆکی هەیە، وەك هەموو مەسەلەکانی دیکە، رژێمی سووریا هەوڵدەدات لەسەر دەستووری ئێستای بمێنێتەوە کە لە ساڵی ۲۰۱۲ راگەیانراوە لەگەڵ ئەنجامدانی هەندێ گۆڕانکاریی کەم لە بەندەکانی ئەم دەستوورە ئەگەر پێویست بکات، بەڵام زۆرینەی سوورییەکان پێیان باشە دەستوورێکی تازە بنووسرێتەوە کە شایەنی قەبارەی قوربانییەکان بێت، هەروەها لەسەر داروبەردووی ستەمکاریدا بنەماکانی دیموکراسی و فرەیی و پێکەوەژیان بەرجەستە بکرێن، لە وەڵامی ئەو مشتومڕەی هاتۆتەئاراوە سەبارەت بە ئەولەوییەتی ئاشتبوونەوە چارەسەری سیاسی یان دەستوور، ئەوا شتێکی لۆژیکە کە پێشتر ئاشتەوایی و سازان و هەڵبژاردنی پەرلەمانی و دەستەی حوکمی گواستنەوە بە پێی بڕیارەکانی ژنێف۱ بێنەئاراوە، ئینجا دەستوور و یاساکانی دیکە، بەمەش دەکرێ بنەماکانی بنەماگەلێکی دروست و بەردەوام و مسۆگەر بۆ چارەسەری سیاسی و راگرتنی خوێنڕشتن بنیاتنانەوەی وڵات بچەسپێن، بەپێچەوانەی ئەمەوە هیچ لەبەردەم سوورییەکاندا نییە مەگەر کارکردن بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی سووری بۆ دیاریکردنی ئاسۆکانی ئایندە و رێگاکانی خەبات لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەل.

ئەوەی کە پەیوەستە بەکوردانی سووریاوە، حزبەکانیان هیچ رۆڵێکیان نییە لە دارشتنی دەستووردا و بەشێوەیەکی کاریگەریش نوێنەر نین لە لیژنە پێشنیارکراوەکان، لەکاتێکدا نیشتمانپەروەرانی بێلایەنی کورد کە زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردەوارین، پێیان باشە کە مافەکانی هەموو پێکهاتە نیشتمانپەروەرکان لەنێو دەستووردا جێگەیان بۆ بکرێتەوە، لە سەروویانەوە رەچاوکردنی مافی چارەی خۆنووسینی کوردانی سووریا، بێگومان دۆخی ئێستای کورد و لێکترازانی بزووتنەوە نیشتمانخوازەکەی بە هۆی لەرێ لادانی حزبەکان و سیاسەتە هەڵە کوشندەکانیان پێویستی بە پەلەی بە کۆدەنگییەکی نەتەوەیی و بەرنامەیەکی یەکگرتوو هەیە کە مافە رەواکانی کورد بەرجەستە بکات، تاکە رێگەش بۆ ئەمە دابینکردنی مەرجەکانی بەستنی کۆنگرەیەکی گشتگیری کوردیی سووریایە بە زۆرینەی بێلایەن کە لاوان و ئافرەتان و پیاوان بەشداری تێدا بکەن، لەجیاتی ئەوەی کە هەر حزبێك بەتەنیا خۆی بە دیمەشقدا بکات و لە ژێرەوە گرێبەست و رێککەوتن دژی بەرژەوەندیی و مافە رەواکانی کورد لەگەڵ رژێمدا بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

**تورکیا گرێبەستگەلێکی زۆری ئابووری لەگەڵ دراوسێ دوژمنەکەی (ئێران) مۆرکرد و هەلومەرجی ئێستای قۆستەوە بۆ داگیرکردنی عەفرین و دەستەبەسەرداگرتنی رووبەرێکی فراوانی خاکی سووریا بە پاساوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی**

**دۆخی ئێستای کورد و لێکترازانی بزووتنەوە نیشتمانخوازەکەی بە هۆی لەرێ لادانی حزبەکان و سیاسەتە هەڵە کوشندەکانیان پێویستی بە پەلەی بە کۆدەنگییەکی نەتەوەیی و بەرنامەیەکی یەکگرتوو هەیە کە مافە رەواکانی کورد بەرجەستە بکات**




# کۆتاییهێنان
# بە گەندەڵیی سیاسی فاکتەرێکی گرنگە بۆ راستکردنەوەی پرۆسەی حوکمڕانی


POLIT
CORRU

فەوزای سیاسی یەکێکە لە دەرهاویشتە خراپەکانی گەندەڵیی سیاسی، زۆنی بەپیتیش بۆ گەشەکردنی گەندەڵیی سیاسی ئەو گۆڕەپانەیە کە حزبە سیاسییەکان بەشێوەیەکی نابەرپرسیارانە ململانێی یەکتری دەکەن، سرووشتی حزبی سیاسی لە ئامرازەوە دەگۆڕن بۆ ئامانج، ئەمەش بەو مانای حزبی سیاسی ئامرازێك بۆ نوێنەرایەتی و داکۆکیکردن لە خواستەکانی خەڵك، دەگۆڕێت بۆ ئامانجێك کە هەموو شتێك دەخاتە خزمەتی بەرژەوەندیی حزبەکەی خۆیەوە.

ئەو ژینگەیەی گەندەڵیی سیاسی دروستی دەکات، ئەرکی سەرەکیی حزبی سیاسی وەك دامەزراوەیەکی مەدەنی دەگۆڕێت بۆ ئەرکێکی دیکە کە ئەویش تێکدانی پرۆسە سیاسییەکەیە، کە پرۆسە سیاسییەکەش نەیتوانی بە شێوەیەکی تەندروست کاری خۆی بکات، ئەوا حزبی باش و خراپ لێك جیاناکرێتەوە و نازانرێت کام حزب هۆکاری سەرەکییە بۆ تێکدانی پرۆسەکەو کام حزب هەوڵدەدات پرۆسە سیاسییەکە ڕاست بکاتەوە، هەر بۆیە کە ژینگەی گەندەڵیی سیاسی دروست دەبێت بە ئاسانی ئەم گەندەڵییە ریشەکێش ناکرێت، هەتا دەرهاویشتە خراپەکانی ئەم پەتایە نەتەوە دوچاری کارەساتێکی گەورە دەکات، بۆیە لەم حاڵەتەدا نەتەوە بیر لەوە دەکاتەوە بە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدان سنوورێك بۆ ململانێی حزبی نابەرپرسیار دابنێت و متمانە بداتەوە بەو حزبە سیاسییەی کە لە قۆناخە سەختەکاندا و لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتی خۆی لە تەواوی حزبە سیاسییەکان جیاکردۆتەوە، ئەم متمانەدانەی خەڵك بەو حزبە، ئەوا ئەو حزبە دەخاتە بەردەم قوناخێکی ئەزموونی بۆ ئەوەی بەجۆرێك پرۆسەی حوکمڕانی ڕاست بکاتەوە کە کۆتایی بە نەهامەتییەکانی نەتەوە بهێنێت.

**شەخسی بارزانی و مەکتەبی سیاسیی پارتیش هێندەی جەخت لە بەرنامەی حکومەتی داهاتووی عێراق و ڕێزگرتنی لە دەستوور و دانانی سەقفی زەمەنی بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی دەکەنەوە، هێندە جەخت لەسەر ئەوە ناکەنەوە پارتی چەند پۆستی وەزارەت لە بەغدا وەردەگرێت**

**فەوزای سیاسی یەکێکە لە دەرهاویشتە خراپەکانی گەندەڵیی سیاسی، زۆنی بەپیتیش بۆ گەشەکردنی گەندەڵیی سیاسی ئەو گۆڕەپانەیە کە حزبە سیاسییەکان بەشێوەیەکی نابەرپرسیارانە ململانێی یەکتری دەکەن**

لە تورکیادا هیچ حزبێکی سیاسی نییە کە پاشگری ئیسلامی پێوە بێت، بەڵام لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووە دەنگدەری تورکی زیاتر دەنگیان بە حزبە ئیسلامییەکان دەدا و لە حزبە عەلمانییەکان و نەتەوەپەرستەکانی تورکیا دوور دەکەوتنەوە، بەڵام ئەم متمانەپێدانە هەتا هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٢ کە تیایدا ئاکپارتی سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا یەکلا نەبووەوە، دوای ئەوەی ئاکپارتی بووە حزبی حاکم، گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە کۆی پرۆسەی سیاسیی تورکیادا دروست بوو، ئەم گۆڕانکارییە بەرهەمی فیکری ئەحمەد داود ئۆغلۆ بوو کە توانی لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی (سفر) کێشە پرۆسەی حوکمڕانی لە تورکیا ڕاست بکاتەوە و تورکیا لە دەوڵەتێکی فەوزای سیاسی و ناسەقامگیری حوکمڕانییەوە بگۆڕێ بۆ هەنگاوهەڵگرتن بەرەو دەوڵەتێکی دەوڵەمەندی هاوچەرخ.

لەگەڵ قۆناخی سەقامگیریی حوکمڕانی و گەشەسەندنی ئابووری لە سایەی حوکمڕانیی ئاك پارتیدا (کە تا ئێستاش هەر حزبی حاکمە) تەنیا ١٠ساڵی یەکەمی دەکرێت وەك حوکمڕانییەکی سەرکەوتوو و باش لە قەڵەم بدرێت، هەر بۆیە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٥ دەنگدەری تورکی سزای ئاکپارتی دا و دەنگەکانی هاتنەخوارەوە، بەمەش ئاکپارتی جارێکی دیکە پێویستی بەوە بوو کە حکومەتێکی هاوپەیمانی دروست بکات، بەڵام نەیتوانی حکومەت پێکبهێنێت و خەریکە تەنیا لە ماوەی دوومانگدا تورکیا بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەوزای سیاسی و ناسەقامگیری حوکمڕانی، بۆیە کاتێك بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی پێشوەختە درایەوە، دەنگدەری تورکی جارێکی دیکە دەنگەکانی دایەوە بە ئاکپارتی و نەیانهێشت پرۆسەی سیاسیی تورکیا بگەڕێتەوە نێو ململانێی نابەرپرسیارانەی حزبە سیاسییەکان، هەتا ئەوکاتەشی کە لە تەموزی ٢٠١٥ هەوڵی کودەتا درا بەسەر حکومەتەکەی ئاکپارتیدا، خەڵکی تورکیا خۆیان ڕژانە سەر شەقامەکان و ڕێگەیان نەدا کودەتاچییەکان سەرکەوتوو بن. ئەم پشتگیرییەی خەڵکی تورکیا بۆ ئاکپارتی بەو مانایە نییە کە ٥٠+١ی خەڵکی تورکیا دەنگیان بە ئاکپارتی داوە، بێگومان بەوجۆرە نییە، بەڵام خەڵکی تورکیا بە ڕێژەیەکی بەرزتر دەنگیان داوە بە ئاکپارتی لەچاو حزبەکانی دیکەدا، پاشان بەدابەشکردنەوەی دەنگی ئەو حزبانەی ئاستەنگی ١٠٪ تێنەپەڕێنن، ڕێژەی کورسییەکانی ئاکپارتی لە پەرلەماندا دەچێتە سەرووی ٥٠+١.

پەتای گەندەڵیی سیاسی و کاریگەری لەسەر کۆی دامەزراوەکانی دەوڵەت و ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە، پەیوەندی بە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و دواکەوتووەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە ڕەفتاری نابەرپرسیارانەی حزبە سیاسییەکانەوە هەیە، لەمبارەوە ئەگەر سەیری

قەیرانی گەورەی ئابووریی یۆنان بکەین، دەبینین یۆنان تەنیا دەوڵەتە لە زۆنی یۆرۆدا دوچاری ئەم قەیرانە گەورەیە بۆتەوە و هۆکاری سەرەکیی ئەم قەیرانەش هیچ پەیوەندیەکی بەو هەڵاوسانە ئابوورییە گەورەیەوە نییە کە ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپای گرتۆتەوە، بەڵکو هۆکاری سەرەکیی قەیرانی ئابووریی یۆنان، پەیوەندی بە شێوازی مامەڵەی هاوپەیمانیی چەپەکان و هاوپەیمانیی راستەکانەوە هەیە کە لە دوای ساڵی ١٩٧٥ـەوە نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە ململانێی حزبیی خۆیان بکەن و گەندەڵییەکی گەورەی سیاسییان لەو وڵاتە دروست کردووە.

ئەم پەتایە لەدوای ساڵی ٢٠٠٥ـەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای گرتەوە، لەبەر ئەوەی هەردوو حزبی (کۆماری و دیموکراتی) بەشێوەیەکی نابەرپرسیارانە ململانێی یەکتریان دەکرد، ئەوەش بووە هۆکاری ئەوەی گەندەڵییەکی گەورەی سیاسی لە ئەمریکا دروست بێت و، ئەمریکا کە خۆی بە سۆپەرپاوەری جیهان دادەنا، بەرنامەی بۆ حوکمڕانیی گلۆباڵی دادەڕشت، گەیشتە ئەو ئاستەی کە تەنیا یەك کێشەی جیهانی پێ چارەسەر نەکرێت و لەسەر ئاستی ناوخۆش نەتوانێت داهاتی ساڵانەی تاك گۆڕانکاری بەسەردا بێنێت، هەر بۆیە دەنگدەری ئەمریکا لە هەڵبژاردنی ٢٠١٦ بە جۆرێك لە سیاسەتی هەردوو حزبەکە نائومێد بوون و دەنگیان بە دۆناڵد ترەمپ دا، راستە ترەمپ کاندیدی کۆمارییەکان بوو، بەڵام ترەمپ سیاسەتی هەردوو حزب کۆماری و دیموکراتی رەتکردەوە.

ئەوجا ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ سەر ئاکامی هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان، دەبینین دەنگدەری کوردستان لە تەواوی ئەو حزبە سیاسییانەی کوردستان نائومێد بووە کە بوونە هۆکاری ئەو فەوزا سیاسییەی کە لە کوردستاندا بوونی هەیە، لەبەرامبەردا متمانەیەکی گەورەیان بە پارتی دیموکراتی کوردستان داوە کە دروشمی سەرەکیی لەم هەڵبژاردنەدا «کوردستانێکی بەهێز و کۆتاییهێنان بە فەوزای سیاسی» بووە، رێژەی ئەو دەنگانەشی کە بە پارتی دراون، لەو ئاستەدان کە بتوانرێت سنوورێك بۆ فەوزای سیاسی، یان ناسەقامگیریی سیاسی لە کوردستاندا دابنرێت.

پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستان لەدوای یەکەمین هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢، بە هۆی ململانێی سیاسی نێوان پارتی و یەکێتی، مۆدێلی (٥٠-٥٠)ی هێنایەئاراوە، ئەم مۆدێلە خراپە هەر لەسەرەتاوە ئاراستەی حوکمڕانی لە کوردستاندا بەرەو ئاقارێکی خراپ برد و کاتێك هەوڵدرا بە رێگەی سندوقەکانی دەنگدان ئەم پرۆسەیە راست بکرێتەوە، بارودۆخەکە خراپتر بوو، شەڕی ناوخۆی لە ساڵی ١٩٩٤ بەدوای خۆیدا هێنا، بۆیە حوکمڕانیی خراپی (٥٠ بە ٥٠) تا هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی ٣٠ی ئەیلوولی رابردوو، دەرفەتێکی ئەوتۆی دروست نەکرد کە پارتی بتوانێت هەنگاوی جددی بۆ راستکردنەوەی حوکمڕانی هەڵبگرێت.

ئەگەر بۆ ئێستای سیاسەت و ستراتیژیەتی پارتی بۆ شێوازی حوکمڕانی لە عێراقدا، رایەڵەیەك بدۆزینەوە بۆ ئەوەی سیاسەت و ستراتیژیەتی پارتی بۆ حوکمڕانیی کوردستانی پێ بخوێنینەوە، دیارە وەك خەڵکانی شارەزا و نزیك لە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ئاماژەی پێدەکەن، شەخسی بارزانی و مەکتەبی سیاسیی پارتیش هێندەی جەخت لە بەرنامەی حکومەتی داهاتووی عێراق و رێزگرتنی لە دەستوور و دانانی سەقفی زەمەنی بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی دەکەنەوە، هێندە جەخت لەسەر ئەوە ناکەنەوە پارتی چەند پۆستی وەزارەت لە بەغدا وەردەگرێت.

ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر تێڕوانین و ستراتیژیەتی پارتی بۆ حوکمڕانیی عێراق، جەختکردنەوە بێت لەسەر راستکردنەوە و گۆڕینی ئەقڵییەتی حوکمڕانی لە عێراقدا، ئەوا لە کوردستانیشدا ئەم تێڕوانین و ستراتیژە زیاتر جەختی لەسەر دەکرێتەوە و ئەوەی لای پارتی گرنگ دەبێت، ئەوەیە کە چۆن پرۆسەی حوکمڕانی راستدەکرێتەوە و حکومەت بە چ میکانیزمێك بەرنامەکەی خۆی جێبەجێ دەکات و سەقفی زەمەنی بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی چۆن دەبێت، ئەوجا هەر لایەنێکی سیاسی بەشێك بێت لە هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی حکومەت، یان هەر لایەنێك ئۆپۆزیسیۆنێکی تەندروست هەڵبژێرێت، پێکەوە کار بۆ سەرخستنی ئەو بەرنامەیە دەکەن و گەندەڵی و فەوزای سیاسی کۆتایی دێت و قۆناخی حوکمڕانییەکی باش دەست پێدەکات، کە گەلی کوردستان دەمێکە شایستەی ئەو حوکمڕانییە باشەیە، بەڵام فەوزا و گەندەڵیی سیاسی رێگری لە بونیادنانی کردووە.

**نەتەوە بیر لەوە دەکاتەوە بە رێگەی سندوقەکانی دەنگدان سنوورێك بۆ ململانێی حزبی نابەرپرسیار دابنێت و متمانە بداتەوە بەو حزبە سیاسییەی کە لە قۆناخە سەختەکاندا و لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتی خۆی لە تەواوی حزبە سیاسییەکان جیاکردۆتەوە**

**دەنگدەری کوردستان لە تەواوی ئەو حزبە سیاسییانەی کوردستان نائومێد بووە کە بوونە هۆکاری ئەو فەوزا سیاسییەی کە لە کوردستاندا بوونی هەیە، لەبەرامبەردا متمانەیەکی گەورەیان بە پارتی دیموکراتی کوردستان داوە کە دروشمی سەرەکیی لەم هەڵبژاردنەدا «کوردستانێکی بەهێز و کۆتاییهێنان بە فەوزای سیاسی» بووە**

## یاشا مۆنک

تایبەتمەندی پرسە دیموکراتییەکان بۆ گوڵان:

# لەئێستادا دیموکراسی رووبەڕووی مەترسیی راستەقینە بۆتەوە

یاشا مونك بڕوانامەی دکتۆرای لە بەشی حکومەت لە زانکۆی هارڤارد بەدەست هێناوە، هەر لە هەمان بەش وانەبێژەو توێژەرە لە هەردوو دامەزراوەی (New America) لە بەشی پڕۆگرامی چاکسازیی سیاسی و دامەزراوەی (Transatlantic Academy)، پێشتریش وانەبێژ بووە لە چەند زانکۆیەك، وەك زانکۆی کۆڵۆمبیاو کۆلێژی تیرینتی. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە پرسی دیموکراسی و ئەو کێشە و تەنگژانە دەدات کە رووبەڕووی دیموکراسی دەبنەوە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد کە پەیوەست بوون بەو تەحەددی و دژوارییانەی رووبەڕووی دیموکراسی بوونەتەوە، لەگەڵ دەرهاویشتە و دەرئەنجامەکانی ئەم تەنگژەی دیموکراسییە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

# دیمانەی تایبەت



*** لە ئێستادا زۆر باس لە پرسی پاشەکشە و داکشانی دیموکراسی دەکرێت لە جیهاندا و بگرە باس لەوە دەکرێت کە دیموکراسی دوچاری تەنگژە بۆتەوە تەنانەت لەو وڵاتانەی رۆژگارێکی دوورو درێژە دیموکراسییان تێدا مومارەسە دەکرێ، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دیموکراسی رووبەڕووی مەترسیی راستەقینە بۆتەوە؟ ئایا چیتر دیموکراسی ناتوانێت ببێتە سەرچاوەی ئیلهام و ئاواتی گەلان؟**

- بەڵێ، من هاوڕام لەگەڵ ئەو لێکدانەوەو تێڕوانینەدا کە دەڵێ دیموکراسی لە مەترسییەکی راستەقینەدایە، ئەمەش لەسەرتاسەری جیهاندا بەدی دەکرێت و هەستی پێدەکرێت، واتە نەك تەنیا لە ئەمریکا کە دۆناڵد ترەمپ هێرش دەکاتە سەر دامەزراوە دیموکراتییەکان لە ئەمریکا و هێرش دەکاتە سەر بنەما بنەڕەتییەکانی سیستمی ئەو وڵاتە، بەڵکو ئەم حاڵەتە لە وڵاتانی ئەورووپا و لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی چەند وڵاتێکی نێو ئەوروپاشدا بەدیکرا.

*** باشە پێتوانییە سەرهەڵدان و هەڵکشانی رەوت و کەسایەتییە پۆپۆلیستەکان و رەوتە راستڕەوەکان نیشانە و دەرهاویشتەی ئەو تەنگژە و قەیرانانە بن کە دوچاری دیموکراسی بوون، بەتایبەتی هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێکرد، ئەم حاڵەتە لە هەڵبژاردنەکانی وڵاتی سویدیشدا رەنگیدایەوە؟**

- پێموایە هەڵەیە هەر دەرئەنجامێکی خراپی هەڵبژاردنەکان بە مەترسییەکی گەورە لێکبدەینەوە، چونکە راستە لە سوید پارتی راستڕەوی توندڕەو (دیموکراتەکانی سوید) ژمارەی کورسییەکانی زیاد کرد، بەڵام نەبووە گەورەترین حزبی براوەی هەڵبژاردنەکان، هەروەك ئەوەی چەندین کەس ترس و نیگەرانییان لەم بارەیەوە دەردەبڕی، واتە راستە بەرەوپێش چوو لەم هەڵبژاردنانەداو سەرکەوتنی بەدەست هێنا

**کێشەکە ئەوەیە لە نێو خودی دیموکراسیدا تەحەددی دروست بووە و کەسانی پۆپۆلیست دروست بوون و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان بوونەتە بەدیلی دیموکراسی**

**لە دەستووری ئەمریکادا ئاماژە بە حزبە سیاسییەکان نەکراوە و چەندین دەستووری دیکە هەن کە بە شێوەیەکی راستەقینە ئاماژە بە حزبە سیاسییەکان ناکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەر کاتێک ئێمە بمانەوێت سیستمێکی دیموکراتی بینا بکەین، ئەوا پارتە سیاسییەکان دروست دەبن**

**کاتێک حزبە سیاسییەکان یان نوخبەی سیاسیی وڵات لە ئاست چاوەڕوانییەکاندا نابن و نوێنەرایەتی بەهای خەڵکەکە ناکەن، ئەوا دەرئەنجامەکەی نائومێدبوونی خەڵکەکە دەبێت لە ئاست سیستمە سیاسییەکەدا**

(رێژەی دەنگەکانی لە ١٢,٩٪ کردە ١٧,٦)، بەڵام بە چەشنێك نەبوو کە جڵەوی سیستمە سیاسییەکە بگرێتەدەست لە وڵاتدا.

*** هەر لە پەیوەندی بەو تەنگژەو تەنگوچەڵەمانەی رووبەڕووی دیموکراسی بوونەتەوە، ئەوا لە ئێستادا باس لەوە دەکرێت کە دیموکراسی نەیتوانیوە لە ئاست ئومێد و چاوەڕوانییەکاندا بێت و تەنانەت باس لە بەدیلی دیموکراسی دەکرێت، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئەمە راستە، چونکە بۆ ماوەیەکی زۆرە ئەم باسە لە ئارادایە و تەنانەت ئاماژە بە ئەزموون و مۆدێلی چین دەکرێت، بەڵام کێشە و دژوارییەکە لەوەدایە کە چۆن ئەم مۆدێلە لە وڵاتانی دیکەدا دووبارە بکرێتەوە و پیادە بکرێت، چونکە ئەم مۆدێلە ئەوە لەخۆدەگرێت کە پارتێکی کۆمۆنیستی بۆ چەندین دەیە جڵەوی دەسەڵات و حکومڕانیی وڵاتەکەی لە دەستدا بێت، بە هەمان شێوە باس لەوە دەکرا کە رژێمە خۆسەپێنە و دیکتاتۆرەکان دەتوانن مۆدێلێك بخەنەڕوو، بۆ نموونە وەك ئەوەی لە ئێراندا هەیە، یان ئەوەی لە عێراق و سووریادا لە ئارادا بوو، بەڵام دەرئەنجامی ئەمانەشمان بینی، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا هەواڵێکی خۆشە- کە هیچ مۆدێلێکی دیکە بۆ دیموکراسی نەخراوەتەڕوو-. لەگەڵ ئەوەشدا کێشەکە ئەوەیە لە نێو خودی دیموکراسیدا تەحەددی دروست بووە و کەسانی پۆپۆلیست دروست بوون و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان بوونەتە بەدیلی دیموکراسی، بە دەربڕینێکی دیکە ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەیانەوێت بگەنە دەسەڵات و دیموکراسیەتێکی راستەوخۆتر و قووڵتر پیادە بکەن، واتە ئەوان بوونی دامەزراوەکان بە گرنگ نازانن و پێیانوایە خۆیان پەیوەندیی راستەوخۆ لەگەڵ خەڵکەکەدا دروست دەکەن، بەڵام ئەوەی ئەوان دەیکەن، ئەوەیە کە دامەزراوە دیموکراتییەکان لاواز دەکەن لە پێناوی گرتنەدەستی دەسەڵاتی زیاتردا تا ئەو ئەندازەیەی کە هەڵدەستن بە دروستکردنی سیستمێکی نوێی سیاسی، کە سیستمی دیموکراسیی نالیبراڵییە و زیاتری مەیلی بەلای خۆسەپێنی و دیکتاتۆریدایە، هەروەك ئەوەی لە پۆڵەندا و هەنگاریا و تورکیا و رووسیادا بینیمان.

*** باشە با پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار تاوتوێ بکەین و پرسیار لە پەیوەندی نێوان دیموکراسی و پارتە سیاسییەکان بکەین، بە تێڕوانینی ئێوە ئایا دەکرێت لە غیابی حزبە سیاسییەکاندا وێنای بوونی دیموکراسی بکەین؟**

- بەڵێ، بۆ رۆژگارێکی دوور و درێژە وێنای دیموکراسی بە بێ حزبە سیاسییەکان کراوە، ئەوەتا لە دەستووری ئەمریکادا ئاماژە بە حزبە سیاسییەکان نەکراوە و چەندین دەستووری دیکە هەن کە بە شێوەیەکی راستەقینە ئاماژە بە حزبە سیاسییەکان ناکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەر کاتێك ئێمە بمانەوێت سیستمێکی دیموکراتی بینا بکەین، ئەوا پارتە سیاسییەکان دروست دەبن، ئەویش لەبەر ئەو رۆڵە گرنگەی کە حزبە سیاسییەکان دەیبینن، بەتایبەتی لە نوێنەرایەتیکردنی خەڵك. کەواتە لە رووی واقیعییەوە هەر هەوڵێك بۆ دروستکردنی سیستمی دیموکراتی هاوشان بووە بە دروستبوونی حزبە سیاسییەکان.

*** باشە ئێوە ئاماژەتان بە گرنگیی پارتە سیاسییەکان کرد لە سیستمی دیموکراتیدا، بەتایبەتی پرسی نوێنەرایەتیکردنی خەڵك لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر پارتە سیاسییەکان لەم ئەرکەدا ئەدایان لاواز بوو، یان شکستیان هێنا، ئایا ئەمە چ دەرئەنجام و ئاکامێکی لێدەکەوێتەوە؟**

- لە راستیدا کاتێك حزبە سیاسییەکان یان نوخبەی سیاسیی وڵات لە ئاست چاوەڕوانییەکاندا نابن و نوێنەرایەتیی بەهای خەڵکەکە ناکەن، ئەوا دەرئەنجامەکەی نائومێدبوونی خەڵکەکە دەبێت لە ئاست سیستمە سیاسییەکەدا و بە باوەڕی من ئەمە یەکێکە لە هۆکار و پاڵنەرە سەرەکییەکانی سەرهەڵدان و دروستبوونی پۆپۆلیزم، هەرچەندە مەبەستم ئەوە نییە کە ئەمە پاساوێك بێت بۆ شەرعیەتدان بە پۆپۆلیزم، بەڵکو ئەمە تەنیا راڤەکردن و لێکدانەوەیەکە بۆ دروستبوونی پۆپۆلیزم، چونکە من پێموایە چارەسەرەکە ئەوەیە کە چاکسازی بکرێت لە سیستمە سیاسییە دیموکراتییەکەدا بۆ ئەوەی لە ئاست خەون و خواستی خەڵکەکەدا بێت و بتوانێت لە مەودای دووردا سەقامگیر بێت.

*** پرسیارەکەی پێشووتر پرسیارێکی گشتیی**

**بوو، با پرسیارێکی تایبەتتر بکەین لەم ڕووەوە کە پەیوەستە بەوەی ئایا جیاوازی چییە لە نێوان ئەرك و ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان و ئەرکیان لە وڵاتە گەشەکردووەکاندا و ئایا جیاوازییەکە زیاتر لە چیدا بەرجەستە دەبێت؟**

- بە شێوەیەکی گشتی پارتە سیاسییەکان لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا گرفتئامێزن، لەبەر ئەوەی بەرجەستەبوونی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراون و لە ململانێدان و هەڵگری دیدگای جیاوازن بۆ ئەو سیاسەتە گشتییەی دەبێت بگیرێتەبەر، هەروەها تایبەتمەندییەکی دیکەی پارتە سیاسییەکان لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا ئەوەیە کە ئەو پارتانە بەڵێنی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکان دەدەن، بەڵام ئەو کێشەیەی ڕووبەڕووی ئەم پارتانە دەبێتەوە، ئەوەیە کە بەڵێنەکانیان جێبەجێ ناکەن.

*** پرسیارێکی دیکەی پەیوەندیدار ئەوەیە ئایا تا چەند بوونی پارتی سیاسیی بەهێز - بەو مانایەی بتوانێت ئەرکی نوێنەرایەتیکردن پیادە بکات- گرنگە بۆ ئەوەی دیموکراسیەتێکی تەندروستمان هەبێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، با بەم شێوەیە وەڵام بدەمەوە، من پێموایە مومکینە بتوانین سیستمێکی دیموکراسی دابمەزرێنن لە ڕێی ئەو حزبە سیاسییانەوە کە پۆستەکان لەسەر بنەمای ئینتیمای حزبی و سیاسی دابەش دەکەن، هەروەك ئەوەی ئەم حاڵەتەمان لە ئەمریکا و لە هیندستانیشدا بەدی کرد، بەڵام کێشەیەکە ئەوەیە ئەم سیستمە سیاسیە لە مەودای دووردا درێژە ناکێشێت و بەردەوام نابێت، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانم بڵێم کە شتێکی خوازراوە پارتەکان لەسەر بنەمای پڕۆگرام و پلانی سیاسی کێبڕکێی یەکتر بکەن، نەك لەسەر بنەمای دابەشکردنی پۆستەکان یان لەسەر بنەمای سیاسی و حزبی.

*** تا چەند هەڵبژاردنی کەسایەتییە پۆپۆلیستییەکان لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا بە مەترسی دەزانیت؟ ئایا هەڵبژاردنی ئەم کەسانە، بەتایبەتی ئەوەی لە ئەمریکادا بەدیمان کرد لە هەڵبژاردنی دۆناڵد ترەمپدا- تا چەند مەترسی لەسەر خودی دیموکراسی لە ناو وڵاتەکەدا دروست دەکەن و ئایا تا چەند هەڵبژاردنی ئەم کەسانە ڕەنگدانەوەی بەدگومان و نارەزایەتی و نائومێدی خەڵکی ئەو وڵاتانەیە لە ئاست سیستمە دیموکراسییەکەدا؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە هەڵبژاردنی دۆناڵد ترەمپەوە، ئەوا لە ساڵی ٢٠١٦دا خەڵکی ئەمریکا لە بەردەم دوو بژاردەدا بوون، گۆڕینی واقیعەکە، یان پارێزگاری لێکردنی و دۆناڵد ترەمپیش بانگەشەی بەدیهێنانی ئەو گۆڕانکارییەی کرد، بەڵام ئومێد دەکەم دامەزراوەکانی وڵاتەکە بتوانن سنووربەندی دروست بکەن لەسەر هەڵکشانی ئەم جۆرە هێزانە.

*** ئێوە ئاماژەتان بە کاریگەریی سیاسەتەکانی ترەمپ کرد لەسەر دیموکراسی لە ناوخۆی ئەمریکادا، بەڵام ئێمە دەزانین لە سەردەمی ئیدارەی ترەمپدا ئەمریکا چیتر بانگەشەی ئەوە ناکات کە کار بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی بکات لە جیهاندا و لەم ڕووەوە پشتی لە بەرپرسیارێتییەکەی کردووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە تا چەند کاریگەری خراپی لەسەر ڕەوتی بەرەوپێشچوونی دیموکراسی لە جیهاندا دەبێت؟**

بەداخەوە وەڵامی ئەم پرسیارە ئاشکرایە و سیاسەتەکانی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر پرسی بە دیموکراتیکردن لە جیهاندا، ئەوەتا دۆناڵد ترەمپ پەیوەندی باشتری هەیە لەگەڵ سەرۆکە دیکتاتۆرەکانی چین و کۆریای باکوور و فیلیپین بە بەراورد لەگەڵ سەرۆکی فەڕەنسا- ئیمانویل ماکرۆن- و ڕاوێژکاری ئەڵمانیا — ئەنجێلا مێرکل- و ئەمەش مایەی تاسان و سەرسوڕمانە. لەم ڕوانگەیەوە پێموایە ئەگەر لە ساڵی ٢٠٢٠ دووبارە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ هەڵبژێردرێتەوە و جارێکی دیکە دەسەڵاتی ئیدارەی ئەمریکا بگرێتەوەدەست، یاخود تەنانەت ئەگەر سەرۆکێکی دیکە دەسەڵات بگرێتەدەست، بەڵام هەمان سیاسەت و هەڵوێستەکانی ترەمپ دووبارە بکاتەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە کێشەی جددی بۆ پرسی بە دیموکراتیکردن لە جیهاندا دروست دەبێت، بە تایبەتی لە ناوچە لەرزۆکەکاندا، وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**پارتە سیاسییەکان لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا گرفتئامێزن، لەبەر ئەوەی بەرجەستەبوونی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراون و لە ململانێدان و هەڵگری دیدگای جیاوازن بۆ ئەو سیاسەتە گشتییەی دەبێت بگیرێتەبەر**

**شتێکی خوازراوە پارتەکان لەسەر بنەمای پڕۆگرام و پلانی سیاسی کێبڕکێی یەکتر بکەن، نەک لەسەر بنەمای دابەشکردنی پۆستەکان یان لەسەر بنەمای سیاسی و حزبی**

**ئەگەر لە ساڵی ٢٠٢٠ دووبارە سەرۆک دۆناڵد ترەمپ هەڵبژێردرێتەوە و جارێکی دیکە دەسەڵاتی ئیدارەی ئەمریکا بگرێتەوەدەست، یاخود تەنانەت ئەگەر سەرۆکێکی دیکە دەسەڵات بگرێتەدەست، بەڵام هەمان سیاسەت و هەڵوێستەکانی ترەمپ دووبارە بکاتەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە کێشەی جددی بۆ پرسی بە دیموکراتیکردن لە جیهاندا دروست دەبێت**

دیمانەی تایبەت



## رۆبی بارێت

تایبەتمەندی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# بارودۆخی ئاڵۆزی ناوچەکە هەموو کات لەبارە بۆ سەرهەڵدانی داعش و هاوشێوەکانی

**رۆبی بارێت سەرۆکی کۆمپانیایەکی راوێژکارییە کە تایبەتمەندە لە بواری سیستم و جێبەجێکردنی تەکنەلۆژیای بەرگری و ئەمنی لە نێویاندا پرسەکانی پەیوەست بە بواری ئەتۆمی و ئەمنییەتی سنوورەکان و چەند بوارێکی دیکە، پێشتریش راوێژکاری کاروبارە دەرەکییەکان بووە. روبی بارێت بڕوانامەی دکتۆرای لە مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیا لە زانکۆی تێکساس لە ئوستن بەدەست هێناوە. شارەزای کاروباری چەند وڵاتێکی ناوچەکەیە، وەك وڵاتانی کەنداو، ئێران و عێراق و سووریا و لە چەند بوارێکی گرنگدا تایبەتمەندە، وەك پرسە ئەمنی و تیرۆریستییەکان، بزووتنەوە سیاسییەکان، کاروبارە سیاسی و سەربازییەکان. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپی لە ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم لەم ناوچەیە و چەند بابەتێکی دیکەی لەگەڵدا تاوتوێ کرد.**

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەڕوانیت و ئایا چ گۆڕانکارییەکی جەوهەری و بنەڕەتی لە سیاسەتی دەرەکی ئیدارەکەیدا بەدی دەکەیت، بەتایبەتی لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- من دڵنیا نیم لەوەی گۆڕانکارییەکی زۆر بەراورد بە سیاسەتەکانی ئیدارەی پێشووی ئەمریکا بەدی هاتبێت. واتە راستە باس و خواسێکی زۆر هەیە لەبارەی هاتنەئارای گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام من گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەدی ناکەم لە ئاست ئەم ناوچەیەدا. رەنگە بتوانین بڵێین ئەمریکا پەیوەندییەکی نزیکتری پەرەپێداوە لەگەڵ هەر یەکە لە وڵاتانی عەرەبستانی سعودیە و ئیماراتدا، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پێموایە سیاسەتەکانی ئیدارەی ترەمپ درێژەپێدەری سیاسەتی ئیدارەی پێشووە لە ئاست ئەم ناوچەیەدا.

*** بەڵام ئەگەر لە پەیوەندی بە ئێرانەوە بدوێین، ئایا پێتوانییە ئیدارەی سەرۆك ترەمپ گۆڕانکارییەکی گەورەی لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی ئیدارەی ئەمریکادا بەدیهێناوە لە ئاست ئێراندا، بەتایبەتی دوای کشانەوەی لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە و دووبارە سەپاندنەوەی سزا ئابوورییەکان بەسەر ئەو وڵاتەدا؟**

- بڕوانن، مەسەلەی ئێران مەسەلەیەکی تا بڵێی مشتومڕهەڵگرە، ئێوە ئاماژەتان بە کشانەوەی ئەمریکا لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە کرد، بەڵام من پێموانییە ئەمە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ دروست بکات، چونکە لەو باوەڕەدا نیم کە وڵاتانی ئەوروپا هەنگاوێکی هاوشێوە هەڵبگرن و ئەوانیش لەم رێککەوتنە بکشێنەوە، بە هەمان شێوە پێموا نییە چین، یان رووسیا لەم رێککەوتنە بکشێنەوە. کەواتە ئەم کردار و بڕیارانەی ئیدارەی ئەمریکا تەنیا گۆشەگیربوونی خۆی لێدەکەوێتەوە. لەم روانگەیەوە پێموایە بڕیاری کشانەوەی ئەمریکا لەم رێککەوتنە لە چەند روویەکەوە هەڵە بوو. هەروەها من ئەوەم لەبەرچاوە کە ئیدارەی ئەمریکا نیگەرانە لەبارەی دەستێوەردانی ئێرانەوە- لە حاڵەتی هەڵگرتنی سزاکاندا-، مەبەستم ئەوەیە ئەمریکا نیگەرانە لەوەی ئەگەر سزاکانی سەر ئێران هەڵبگیرێت، ئەوا ئەو وڵاتە سوود لە بارودۆخەکە وەردەگرێت و لە هەموو روویەکەوە لە کوردستان و سووریا و عێراق و...هتد دەستێوەردان دەکات، بەڵام من پێموانییە مەسەلەکە ئەوە بێت کە ئێران شەڕانگێز بێت، بەڵکو ئێران پێیوایە بەرژەوەندیی شەرعی هەیە و دەبێت بایەخیان پێبدات و بەدییانبهێنێت، ئەگەرچی زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەی کەنداو یان ئەمریکا لەگەڵ ئەمەدا هاوڕا نین.

*** کەواتە پێتوانییە ئەم هەڵمەتەی ئەمریکا بۆ سەپاندنی زۆرترین سزای ئابووری بەسەر**

**ئەمریکا نیگەرانە لەوەی ئەگەر سزاکانی سەر ئێران هەڵبگیرێت، ئەو وڵاتە سوود لە بارودۆخەکە وەردەگرێت و لە هەموو رووبەکەوە لە کوردستان و سووریا و عێراق و...هتد دەستێوەردان دەکات**

**کەمترین هاوکاری دەکرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو سزایانەی کە ئەمریکا دەیەوێت بەسەر ئێراندا بیسەپێنێت، چونکە وڵاتانی ئەورووپا و چین بەرهەڵستی دەکەن**

**ئەو مەترسییەی لەسەر هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیە هەیە، ئەوەیە کە ئەمریکا بە راستی پشتیوانییان لێ ناکات**

**ئێراندا دەبێتە هۆی ئەوەی ئێران ناچار بێت سازش بکات، یان جارێکی دیکە بگەڕێتەوە سەر مێزی گفتوگۆ بۆ ئەنجامدانی رێککەوتنێکی دیکە؟**

- بە دڵنیاییەوە نەخێر، چونکە ئێرانییەکان چۆك بۆ ئەم فشارانە دانادەن، هەروەها ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە چۆنیەتی سەپاندنی ئەم سزایانە دەبنەهۆی بەهێزکردنی پێگەی حکومەتی ئێران و دەبنەهۆی پتەوکردنی پێگەی سوپای پاسداران، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی ئێران زیاتر پشت بە خۆی ببەستێت. لەلایەکی دیکەوە دەبێت ئێمە ئەوە بزانین کە کەمترین هاوکاری دەکرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو سزایانەی کە ئەمریکا دەیەوێت بەسەر ئێراندا بیسەپێنێت، چونکە وڵاتانی ئەورووپا و چین بەرهەڵستی دەکەن، ئەگەرچی ئەم سزایانە کێشە بۆ ئێران دروست دەکەن، بەڵام نابێت ئەوەش نادیدە بگرین کە لە بنەڕەتدا کێشەی ئێران لەم رووەوە بۆ ئەو گەندەڵییە دەگەڕێتەوە کە لەو وڵاتەدا بوونی هەیە، نەك بۆ سزاکان. کەواتە راستە ئێران دوچاری کێشە دەبێتەوە، بەڵام ئەمریکا لە پێگەیەکدا نابێت کە پشتیوانی لێ بکرێت لەلایەن وڵاتانی ئەورووپا، یان چینەوە. لەبەر ئەوە پێموانییە کاریگەرییەکی دراماتیکی لەسەر ناوچەکە یان ئێران هەبێت.

*** باشە بە شێوەیەکی گشتی ئێوە چۆن لە رۆڵی ئێران دەڕوانن لە ناوچەکەدا، کە زۆرجار باسی ئەوە دەکرێت ئێران دەستڕۆیشتوویی خۆی بۆ ئەم ناوچانە درێژ کردۆتەوە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە رەچاو بکەین کە ئێران خۆی بە هێزێکی باڵا دەزانێت لە کەنداوی فارس و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوان لە روانگەی ئیمپراتۆریەتی مەزنی فارسەوە لە خۆیانەوە دەڕوانن- ئیدی ئەگەر خۆیان گوزارشتی لێ بکەین یان نا-، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوان باوەڕیان وابووە کە دەبێت باڵادەست بن بەسەر میزۆپۆتامیا، کە ئێستا پێی دەوترێت عێراق، واتە ئەوان پێیانوایە بەسرە و خاکی عەرەب دەبێت بەشێك بێت لە ئیمپراتۆریەتەکەی ئەوان و ئەوان حزبوڵای لوبنانی چەند هێزێکی دیکەی ناوچە بە درێژبوونەوەی دەسەڵاتی خۆیان دەزانن، بە کورتی ئەوان کار دەکەن بۆ بنیادنانی هاوشێوەی ئیمپراتۆریەتی فارسی لە ناوچەکەدا، ئەمەش حاڵەتێکی سلبییە و دەبێت لایەنێك هەبێت کە کارێك بکات لەبارەیەوە. خۆ ئەگەر پرسیاری ئەوەش بکرێت ئیدارەی ئێستای ئەمریکا کارێکی زیاتری کردووە لەم بارەیەوە — بە بەراورد بە ئیدارەی باراك ئۆباما- ئەوا من گۆڕانکارییەکی گەورە بەدی ناکەم، چونکە دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت کە لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا ترەمپ بەڵێنی کشانەوەی لەو ناوچانە دەدا. هەروەها ئەو مەترسییەی لەسەر هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیە هەیە، ئەوەیە کە ئەمریکا بە راستی پشتیوانییان لێ ناکات، ئەگەرچی ئەو لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە کشایەوە و سزاکانی بەسەر ئێراندا سەپاندەوە، بەڵام پێموانییە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لێ بکەوێتەوە و لەو باوەڕەدا نیم ئەمریکا هیچ کارێك بکات لە حاڵەتی روودانی رووبەڕووبوونەوەدا لەنێوان ئێران و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. ئێوە لە حاڵەتی کۆریای باکوور بڕوانن، گفتوگۆ لە دوای گفتوگۆ کرا، بەڵام هیچ شتێك رووی نەدا.

*** باشە ئەگەر ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ ئێراندا ناکارا بێت، یان تەنانەت دەرئەنجامی پێچەوانەوەی لێبکەوێتەوە، ئایا پێتوایە باشترین رێکار بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئێراندا چییە و ئێوە لەم رووەوە پێشنیارو راسپاردەتان چییە؟**

- ئاشکرایە ئێمە پێشتر رێککەوتنمان هەبوو لەگەڵ ئێراندا و بە گوێرەی ئەم رێککەوتنەش ئێران پابەند بووە بە چەند پێوەرێکەوە، هەرچەندە لە ئێستادا ئەمریکا لەو رێککەوتنە کشاوەتەوە، بەڵام پێموایە دەکرا لەگەڵ ئەوەدا سزای ئێران بدرێت لەسەر هەر سنووربەزاندنێك لە ناوچەکەدا، وەك ئەوەی لە سووریادا دەیکات، واتە کارێك بکرێت و سزای ئێران بدرێت، نەك ئەوەی سزای ئابووری بەسەردا بسەپێندرێت، مەبەستم ئەوەیە ئێران هەست بە فشاری راستەقینە ناکات، ئەگەر ئێمە لە سووریا یان لە عێراقدا رووبەڕووی نەبینەوە، بەڵام من لە ئێستادا روودانی ئەمە بەدی ناکەم.

*** با پرسێکی دیکە تاوتوێ بکەین و**

**پرسیار لە بارەی ستراتیژیەتی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و بەتایبەتی داعش بکەین، ئایا هەڵسەنگاندن و تێڕوانینی ئێوە بۆ ئەم ستراتیژیەتە چییە؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە داعش و بە ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمەوە، ئەوا من پێموایە داعش لە ناوچە سوننەنشینەکاندا دەرنەدەکەوت ئەگەر ئەمریکا عێراقی داگیرنەکردایە، مەبەستم ئەوەیە ئیدارەی جۆرج بوشی کوڕ ئەو راستییەی لەبەرچاو نەگرت کە عێراق دەوڵەتێکی دەستکردی دەستی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا بووە، ئێمە دەزانین کوردستان تێڕوانینی تایبەت بە خۆی هەیە و موسڵ جیاوازە لە بەغدا و بەغداش لە بەسرە جیاوازە، مەبەستم ئەوەیە بە شێوەیەکی دەستکرد پێکەوە کۆکراونەتەوە، هەروەها سووریاش بە هەمان ئەندازەی عێراق و زیاتر وڵاتێکی دەستکرد بووە. ئەوە بوو عێراقی داگیرکرد و من پێموایە داڕووخانی سووریا لە ساڵی ٢٠١١دا دەرئەنجامی راستەوخۆی ئەو ناسەقامگیرییە بوو کە لە سەر سنوورەکانی لەگەڵ عێراقدا لەئارادا بوو، مەبەستم ئەو ناسەقامگیرییەی لە عێراقدا لە ساڵی ٢٠٠٣وە لە کۆنترۆڵ دەرچووبوو، لە روانگەی هەموو ئەوانەی ئاماژەم پێکرد، دەمەوێ بڵێم نازانم بۆچی جێی سەرسوڕمان بوو کە پەرەسەندنێك لەو ناوچانە بێتەئاراوە کە من پێی دەڵێم سوننەستان، واتە لە سەرەتادا خەڵکی ئەم ناوچەیە پێیانوابوو داعش باشترە لە شیعەی بەغدا و لە عەلەوییەکانی دیمەشق، ئەمە حاڵەتەکە بوو لە دەستبەسەرداگرتنی موسڵدا، کە سەرەتا خەڵکەکە پێیانوابوو داعش باشترە لە حکومڕانەکانی بەغدا، بەڵام دوایی بۆیان دەرکەوت کە ئەوان-داعش- تەنیا کۆمەڵێك بکوژن. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا و سەرەڕای ئەوەی داعش تێکشکێندراوە- ئەگەرچی بە تەواوەتی ریشەکێش نەکراوە- ئەوا پێموایە تاوەکو لە ناوچەکە سوننە نەبنە خاوەنی دەستکەوتێکی بەرچاو- بە چەشنی کوردستان- لە رووی بەشداریکردن لە دەسەڵات و و دانپێدانان و.. هتد، ئەوا رەنگە بتوانین پێشبینی دروستبوونەوەی رێکخراوێکی دیکەی وەك داعش بکەین، ئەگەرچی رەنگە بە ناوی داعشەوە نەبێت و بۆی هەیە بە ناوێکی دیکەوە بێت، ئەم رێکخراوەش دەست بداتە شەڕکردن لە دژی ئەوەی پێیوایە باڵادەستبوونی شیعەی عێراق یان عەلەوییەکانی سووریا باڵادەستبوونی ئێرانە. من پێموایە ئایندە ئەمەی لە هەگبەیدا هەڵگرتووە و لێم مەپرسن دەقاودەق ئەمە کەی روودەدات. کەواتە مەسەلەکە تەنیا داعش، یان ئەلقاعیدە نییە، بەڵکو ئێمە دەزانین ئەمە ناوچەیەکە کە سوننە زۆرینەیە تێیدا، بەڵام لە ئێستادا سوننە لە بەسرەوە تاوەکو سینا هیچ رۆڵێکیان نییە لەوەی روودەدات، ئەمە لە کاتێکدا لە ماوەی ٤٠٠ ساڵی حکومڕانیی عوسمانییەکاندا ئەوا خۆیان گرووپی حکومڕان بوون، لەبەر ئەوەی پێیانوایە ئەوان زۆرینە بوون. کەواتە ئاشتی نایەتەئاراوە تاوەکو کێشەی ئەو ناوچەیە چارەسەر نەبێت کە من پێی دەڵێم سوننەستان.

*** کەواتە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخەی ئێستا لەئارادایە، ئەوا دروستبوونەوەی ئەم گرووپانە یان هاوشێوەکانیان شتێکی حەتمییە؟**

من پێموایە تاوەکو هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیە بمێننەوە ئەوا ئەمە روونادات، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئێمە ناتوانین بۆ هەتایە لێرە بمێنینەوە، بە چەشنی ئەوەی کاتێك لە ساڵی ٢٠١١ لە عێراق کشاینەوە، ئەوا هێزەکانی سەحوە داڕووخان و سوننە خۆیان لە دۆخێکدا بینییەوە کە لەلایەن شیعەکانەوە هەراسان کران. کەواتە بەرلەبەرچاوگرتنی دۆخەکە ئەوا دەرکەوتنی ئەو گرووپانە مەسەلەی کاتە، ئەگەرچی من نازانم کەی سەرهەڵدەدەن و بە چ ناوێکەوە دەردەکەونەوە، واتە نازانم ئایا ناوی دەوڵەتی عەرەبی لە شام، یان هەر ناوێکی دیکە لە خۆیان دەنێن، چونکە سوننە زۆرینەن لەم ناوچەیەدا و بێبەش کراون لە سوودە ئابوورییەکان و لە دەسەڵاتی سیاسی لە ناوچەکەدا، ئەمەش قابیلی بەردەوامبوون و درێژەکێشان نییە، واتە ماوەیەك ئەو ناوچەیە خامۆش دەبێت، بەڵام دواتر ئەو گرووپانە دێنەئاراوە، دووبارەی دەکەمەوە ئەمە تەنیا مەسەلەی کاتە.

**ئێران هەست بە فشاری راستەقینە ناکات، ئەگەر ئێمە لە سووریا یان لە عێراقدا رووبەڕووی نەبینەوە**

**عێراق دەوڵەتێکی دەستکردی دەستی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا بووە، کوردستان تێڕوانینی تایبەت بە خۆی هەیە و موسڵ جیاوازە لە بەغدا و بەغداش لە بەسرە جیاوازە، چونکە بە شێوەیەکی دەستکرد پێکەوە کۆکراونەتەوە**

**کاتێک لە ساڵی ٢٠١١ لە عێراق کشاینەوە، هێزەکانی سەحوە داڕووخان و سوننە خۆیان لە دۆخێکدا بینییەوە کە لەلایەن شیعەکانەوە هەراسان کران**



**ڕێناس جانۆ** ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# هەوڵە مەترسیدارەکە ئەوەیە کە دەیانەوێت بڕیاری کورد لە دەستی کورد دەربچێت

**عێراق وڵاتێکی پڕ لە کێشە و تەنگژەیە و کارکردنی کوردیش بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی لە نێو ئەم دەوڵەتە پڕ لە قەیرانەدا کارێکی سەخت و دژوارە، بەتایبەتی بەهۆی ئەو عەقڵییەتەی کە حوکمڕانیی بەغدا دەکات، بەڵام بەداخەوە هەروەك بینیمان ئەو یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییە لە نێو کورد لە بەغدا بەدی نەهات کە چاوەڕوان دەکرا، گۆڤاری گوڵان هۆکارەکانی نەبوونی ئەم یەکڕیزییە و کاریگەرییەکانی و هەوڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ یەکخستنی گوتاری کورد لە بەغدا و چەند پرسێکی دیکەی لەگەڵ ڕێناس جانۆ ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تاوتوێ کردووە.**

*** هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری عێراق مشتومڕی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا و زۆر تەرکیز لەسەر ئەوە دەکرێت کە یەکێتی تاکلایەنانە بڕیاری داوە، تێڕوانین و بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئێمە لە زووەوە ئاگاداری ئەم هەنگاوەی یەکێتین، تەنانەت لە خولی ڕابردووی پەرلەمانیشدا هەر یەکێتی هۆکاری دروستنەبوونی هاوپەیمانیی کوردستانی بوون، ئەوان نەك تەنیا خۆیان لەماڵی کورد جیاکردۆتەوە، بەڵکو خۆیان لە خۆشیان جیاکردۆتەوە، لە خولی پێشوودا ئەوەی سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی بوو، ئەمجارە لەسەر فراکسیۆنی دیکە هاتۆتەوە ناو پەرلەمان و ئەمجارەش بۆ بەدەستهێنانی پۆست و بەرژەوەندیی تایبەت خۆیان کۆکردۆتەوە. دواتر من پێموانییە کێشەکە ئەوە بێت کە ئەوان خۆیان جیاکردۆتەوە، بەڵکو زیاتر ئەوان دەیانەوێت بڕیاری کورد لە دەستی کورد خۆی دەربچێت، ئەمە مەترسییەکەیە. چونکە ئەگەر سیناریۆی هەڵبژاردنی د.بەرهەم دووبارە ببێتەوە، ئەوا جارێکی دی ڕەنگە کوردێکی ناو کوتلەکانی عەلاوی و سەدر بکەنە سەرۆك کۆمار و وەکو تەها محێدین مەعرووف، یان تەها یاسین ڕەمەزان تەنیا ناوی کورد بێت و بە دڵی ئەوان بێت، چونکە ئەوان

کوردێکیان دەوێت کە باسی مافەکانی کورد نەکات و ئەگەر باسی جێبەجێکردنی دەستووریش بکات، ئەوا دەیانەوێت بەو شێوەیە بێت کە لە بەرژەوەندیی خۆیان بێت.

*** پێش ئەوەی پەرلەمانی عێراق دەست بە کۆبوونەوەکەی بکات بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار، یەکێك بووی لەو کەسانەی کە بە میدیا عێراقییەکانت راگەیاند کە پارتی و یەکێتی لەسەر کاندیدی سەرۆك کۆمار رێککەوتوون، بەڵام چەند خولەکێك دوای ئەوەی بینیمان هیچ رێککەوتنێك نەبوو، ئایا ئەو رێککەوتنە هەبوو؟ ئەگەر هەبوو بۆ پێشێل کرا؟**

- بەڵێ، یەکێتی لەگەڵ پارتی رێککەوتن کە دکتۆر بەرهەم ساڵح لە کاندیدبوون بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار پاشەکشە بکات و لە بەرامبەردا یەکێتی پۆستەکانی دیکەی لە حکومەتی عێراق پێ بدرێت، بەڵام ئەوان لەو رێککەوتنە پاشگەز بوونەوە. واتە ئەوان پلانێکی رێکخراویان هەبوو کە ئامادەکارییان بۆ کردبوو، رۆڵەکشیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کردبوو.

*** پێش هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار پارتی دیموکراتی کوردستان پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ هاوپەیمانییەکانی شیعە هەبوو، بەتایبەتیش تەحالوفی بینا بە سەرۆکایەتی هادی عامری، ئایا ئەم پەیوەندییە لە ئێستادا وەك پێشان ماوە، یان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە؟**

- با بە راشکاوی بیڵێین، کێشەکە لەگەڵ عەرەب نەبوو، بەڵکو لەنێومالّی کورددا بوو، شەڕی پارتیش شەڕ نەبوو لەسەر پۆستەکە، هێندەی ئەوەی شەڕ بوو لەسەر هێشتنەوەی بڕیاری کورد لەدەستی کورددا، واتە ئەوەی پارتی کردی شەڕی شەخسی نەبوو، چونکە د.بەرهەم یان هەر کەسێکی دیکە سەرۆك بێت، کەی کێشەیە، بەڵام ئێمە وتمان با میکانیزمی دانان و دەستنیشانکردنی کاندیدی سەرۆك کۆمار لە دەستی فراکسیۆنە کوردییەکاندا بێت، چونکە ئەگەر ئەمە تێکچوو، ئەوا لە دوارۆژدا ئەوان بە ئارەزووی خۆیان خەڵکی دیکە دادەنێن. دواتر ئەگەر باس لەوە دەکرێت کە بۆیە دەنگ بە کاندیدی پارتی نەدرا، لەبەر ئەوەی پارتی سەرمەشقی ئەنجامدانی ریفراندۆم بوو، بەڵام ئێمە ریفراندۆممان بۆ ئەوە کرد، لەبەر ئەوەی ئەوان دەستووریان جێبەجێ نەدەکرد و مافەکانی کوردیان دەستەبەر نەدەکرد، ئێستاش ئەگەر ئەوان درێژە بدەن بە نەهجی خۆیان و دەستوور جێبەجێ نەکەن و بەردەوام بن لەسەر خۆبەگەورەزانین و بەرامبەر بە کەمزانین، ئەوا بە دڵنیاییەوە کێشەکان بەردەوام دەبن، بڕیاری پارتییش کە جددی بوو لەوەی کاندیدی هەبێت بۆ سەرۆك کۆمار بۆ ئەوە بوو ئەو کێشانە چارەسەر بکەین، ئەوانەش کە نایانەوێت کێشەکان چارەسەر بکەن ئەوا هێندەی کوردستان زەرەرمەند دەبن، دواتر پرسیار ئەوەیە چۆن کەسێك دەکرێتە سەرۆك کۆمار، ئەگەر نەتوانێت کێشەکانی بەغدا و هەرێم چارەسەر بکات.

*** لە ئێستادا د.عادل عەبدولمەهدی راسپێردراوە بۆ ئەوەی حکومەتی داهاتووی عێراق پێکبهێنێت، پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە چەند لێدوانێکدا پێشوازی لە راسپاردنی ئەم کەسایەتییە کردووە، ئێوە چۆن لە پرسی بەشداریکردنی پارتی لە حکومەتی داهاتوی عێراقدا دەڕوانن؟**

- من دەڵێم کورد لە هەڵسەنگاندنی پێشوەختەی کەسایەتییەکان زیانی زۆری بەرکەوتووە، هەربۆیە وا باشە لە هەڵسەنگاندنی دکتۆر عادل عەبدولمەهدی پەلە نەکەین و با سەرەتا ئیش و کارەکانیان ببینین. دواتر ئەم پۆستە بۆتە مایەی نەهامەتی بۆ عێراق و لە راستیدا هەر کەسێکیش ئەو پۆستەی گرتێبتەدەست، ئەوا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. لەبەر ئەوە پێموایە باشترە پەلە نەکەین، هەرچەندە ئەو کەسێکی رابردووپاکە و دۆستی ئێمە بووە و کەسێکی بەڕێز و سەنگینە، بەڵام هەموو ئەمانە بە واتای ئەوە نایەت کە بۆ کورد باش بێت. دەبێت چاوەڕێی داهاتوو بین. بەڵام بێگومان بە هەمان جددیەتی پرسی سەرۆك کۆمارەوە مامەڵە لەگەڵ پرسی پێکهێنانی حکومەتدا دەکەین. بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە کێشەیەکی زۆر لە نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستاندا کەڵەکە بووەو ئەم کێشانە بە کەسێك چارەسەر ناکرێن، ئەگەر بێتو ئیرادەیەکی راستەقینە لە ئارادا نەبێت، واتە ئەگەر هەموو لایەنەکان پێکەوە کۆنەبنەوە و ئەگەر بە هەمان ئەو عەقڵییەتەی ئێستا کار بکرێت، ئەوا کێشەکان بە عادل عبدولمەهدییش چارەسەر نابن.

*** پێشتر پارتی و یەکێتی پێکەوە وەك یەك شاند دەچوون بۆ بەغدا، بەڵام دوای ئەم رووداوانەی دوایی پێتوایە ئایندەی کارکردنی یەکێتی و پارتی لە بەغدا چۆن دەبێت؟**

- ئێستاشی لەگەڵدا بێت پارتی و یەکێتی پێکەوە دەبن، بەڵام لەسەر بنەمای ئیستیحقاقی هەر لایەك، دواتر پارتی هیچ بڕیارێکی نییە بۆ ئەوەی خۆی لە یەکێتی جیابکاتەوە، چونکە یەکێتی لە شاخ و

**لە خولی رابردووی پەرلەمانیشدا هەر یەکێتی هۆکاری دروستنەبوونی هاوپەیمانیی کوردستانی بوون، ئەوان نەك تەنیا خۆیان لەماڵی کورد جیاکردۆتەوە، بەڵکو خۆیان لە خۆشیان جیاکردۆتەوە**

**کێشەیەکی زۆر لە نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستاندا کەڵەکە بووەو ئەم کێشانە بە کەسێك چارەسەر ناکرێن، ئەگەر بێتو ئیرادەیەکی راستەقینە لە ئارادا نەبێت**

**ئێمە داوای شەراکەتی راستەقینە لە حوکم و تەوافوق لە بڕیار و تەوازن لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان دەکەین، بۆ ئەوەی گەلی کورد نەبێتە شەریکی پلە دوو و عێراق بە زۆرینە بڕیارەکان بدات**

شار هاوبەشی ئێمە بووە و خاڵی زۆری هاوبەشمان پێکەوە هەیە، باوەڕیش ناکەم وا بەخێرایی بڕیارێکی وا بدەین، هەموو شتێك کۆتایی پێ بێنین، بەڵام لەو لاشەوە ئیستحقاقاتی هەڵبژاردن مەسەلەیەکی دیکەیە و دەبێت ڕێزی لێ بگیرێت و حیسابی بۆ بکرێت.

*** هەستدەکرێت شێوازی کارکردنی پەرلەمانی عێراق بەرەو زۆرینە و کەمینە دەڕوات، ئەگەر ئەم ئاراستەیە بەمشێوەیە بێت، چۆن دەتوانین بەرگری لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەین؟**

- ئێمە داوای شەراکەتی راستەقینە لە حوکم و تەوافوق لە بڕیار و تەوازن لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان دەکەین، بۆ ئەوەی گەلی کورد نەبێتە شەریکی پلە دوو و عێراق بە زۆرینە بڕیارەکان بدات و یاساو تەشریعاتەکان لە پەرلەماندا بە دەنگی زۆرینە تێپەڕێندرێت، تاکو ئێستا هەروا کراوە، ئەوەتا بودجە بە دەنگی زۆرینە و بێ گوێدانە مافەکانی گەلی کوردستان تێدەپەڕێندرێت و لە ١٧٪ بۆ ١٢٪ کەم دەکرێتەوە، کە ڕەنگە لە داهاتوو دا هەر بەو ئارەزووەی خۆیان پشکی کورد لە بودجە بکرێتە ١٠٪ و بگرە ٦٪، دەبێت لە هەموو بڕگەکانی دەسەڵات تەوازن هەبێت، ناکرێت ڕێژەی کورد ١٧٪ بێت و لە سوپادا ٤٪ بێت، هەر لەسەر ئەم سێ بنەمایەی (شەراکەت و تەوافوق و تەوازن) لە حکومەتی عێراقدا بەشدار دەبین و بەهیچ شێوەیەکیش پارتی ئامادە نییە دەستبەرداری مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان بێت. دواتر من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە پاڵپشت و هێزو توانای پارتی گەلی کوردستان و دەنگدەرانی کوردستانە، ئەوان تاوەکو زیاتر دژایەتی ئێمە بکەن، ئەوا ئێمە بەهێزتر دەبین، باشترین بەڵگەش هەڵبژاردنەکانی کوردستان بوو، ئێمە ئەوانە بووین کە ریفراندۆممان کرد و داوای سەربەخۆییمان کرد و ٤٥ کورسیمان بەدەست هێناوە، کەواتە دەبێت لایەنەکانی بەغداش لەو راستییە تێبگەن کە خواستی خەڵکی کوردستان بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات و بیر لە هۆکارەکان بکەنەوە، دەبێت بزانین دژایەتیی ئەوان بۆ پارتی دژایەتیکردنی خواستی خەڵکی کوردستانە، ئەگەر ئەوان دژی سەربەخۆیین، ئەوا دژی ٩٣٪ی خەڵکی کوردستانن و ئەگەر دژی پارتین، ئەوا دژی ٤٥٪ بۆ ٥٠٪ی خەڵکی کوردستانن. پرسیارەکە ش ئەوەیە ئەوان دەیانەوێت چۆن مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکەن؟ ئایا دەیانەوێت مامەڵە لەگەڵ بەشێکی کوردستان بکەن، یان دەیانەوێت لەگەڵ سەرجەمی خەڵکی کوردستاندا مامەڵە بکەن، ئەگەر ئەمەی دووەمیان بێن ئەوا دەبێت بێنەدەنگ، ئەگەرنا کێشەکان هەر بەردەوام دەبن.

*** کەواتە پێتوایە ئایندەی عێراق چی دەبێت، ئەگەر دەسەڵاتی بەغدا پێداگری کرد لەسەر کارکردن بە بنەمای زۆرینە و کەمینە؟**

- من پێموایە دەبێت ڕەچاوی مافی پێکهاتەکان بکرێت، ئەگەرنا ئەمە دەبێتە شکستێکی گەورە بۆ شیعە بەوەی نەیتوانیوە بە رازیکردنی سەرجەم پێکهاتەکان- بە ئایینی و نەتەوەیی و .. هتد- حوکمڕانی بکات، کە بە راستی تا ئێستا شیعە لەم پرسەدا سەرکەوتوو نەبووە، مەبەستم ئەوەیە شیعە لە ئیدارەدانی دەوڵەتی عێراقدا سەرکەوتوو نەبووە و شکستی هێناوە، هەم لە رووی سیاسی و هەم لە رووی ئەمنی و سەربازی، هەم لە رووی ئابووری و دابینکردنی خزمەتگوزارییشەوە، ئەوا ناوچە سوننەنشینەکان وێرانن، ناوچەکانی دیکەش هەر کاولن. کە کوردستانیش ئاوەدانە ئەوا لەبەر ئەوەیە کە لەژێر دەسەڵاتی ئەوان نەبووە و ئەوان بۆیان نییە شانازی پێوەبکەن و کاتێك دەتوانن شانازی بکەن کە بەسرەیان وەك هەولێر لێکرد. بەڵام ئەگەر هەر بڕیار بێت کار بە زۆرینە و کەمینە بکرێت، ئەوا ئێمە جیا دەبینەوە و نامانەوێت کەمینە بین و لەم رووەوە بڕیاریشمان بەدەستەوەیە.

***زۆرینەی حزب و لایەنە سیاسییەکانی عێراق و هەندێك لە حزبە کوردستانییەکانیش بە ئاقارێکی خراپدا دەڕۆن و قسەو کرداریان وەکو یەك نییە و هەنگاوەکانیان دژی ڕێککەوتن و عورفە سیاسییەکانە کە عێراقی نوێی لەسەر دامەزراوە، ئایا پێتوایە لەم دۆخەدا چارەسەر چییە؟**

- سەرەتا پێویستە ئەو لایەنانەی کە لە ناوماڵی خۆیان نارێك و پەرتەوازەیی هەیە، با ماڵی خۆیان ڕێکبخەن، دواتر ئەگەر دەسەڵات لە عێراقدا دەیەوێت وڵاتەکە پێش بخات و دۆخێکی سەقامگیر دروست بکات، ناکرێت بەهیچ شێوەیەك رۆڵ و پێگەی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەنابی سەرۆك بارزانی پشتگوێ بخات. هاوکات پێویستە نێوماڵی کورد ڕێکبخرێتەوە و ئەوانەی دەیانەوێت لەسەر حیسابی لێکترازاندنی ماڵی کورد پۆست و پایە بەدەست بێنن، ئەوا دەبێت ئاوڕی جددی لە خۆیان بدەنەوە، چونکە ئەمانە شتی تێپەڕ و کاتین و مەسەلەی ستراتیژی نین، مەسەلە ستراتیژییەکە ئەوەیە کە تۆ خاوەنی کێشەی میللەتێکی کە سەدان ساڵە ستەمی لێکراوە و دەبێت مافەکانی بەدەست بهێنیتەوە.

**ئێمە ئەوانە بووین کە ریفراندۆممان کرد و داوای سەربەخۆییمان کرد و ٤٥ کورسیمان بەدەست هێناوە، کەواتە دەبێت لایەنەکانی بەغداش لەو راستییە تێبگەن کە خواستی خەڵکی کوردستان بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات**

**ئەگەر دەسەڵات لە عێراقدا دەیەوێت وڵاتەکە پێش بخات و دۆخێکی سەقامگیر دروست بکات، ناکرێت بەهیچ شێوەیەک رۆڵ و پێگەی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەنابی سەرۆک بارزانی پشتگوێ بخات**

**ئەوانەی دەیانەوێت لەسەر حیسابی لێکترازاندنی ماڵی کورد پۆست و پایە بەدەست بێنن، ئەوا دەبێت ئاوڕی جددی لە خۆیان بدەنەوە، چونکە ئەمانە شتی تێپەڕ و کاتین و مەسەلەی ستراتیژی نین**



بەشداریی کورد لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و گرنگیی هاوهەڵوێستی و یەکخستنی نێوماڵی کورد بۆ ئەوەی کورد لە بەغدا بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی سەنگ و قورسایی زیاتری هەبێت و کاریگەرییە خراپەکانی ئەم دواییە لە پەیوەندی بە چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار و چەند پرسێکی دیکە بوونە تەوەری گفتوگۆی گوڵان لەگەڵ شوان محەمەد تەها بەرپرسی لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان.

## شوان محەمەد تەها

بەرپرسی لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# کێشەی ئێمە لەگەڵ ئەقڵییەتی حوکمڕانیە لە عێراقدا و دەبێت ئەم ئەقڵییەتە گۆڕانکاری بەسەردا بێت

*** دوای ئەوەی یەکێتی خۆی لە ماڵی فراکسیۆنە کوردستانییەکان جیاکردەوە، وا هەست دەکرێت، پێگەی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا گۆڕانکارییەکی خراپی بەسەردا هاتووە، ئایا تاچەند ئەم تاکڕەوی و خۆجیاکردنەوەی یەکێتی کاریگەریی سلبی لەسەر پێگەی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەیە؟**

- پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر دەمێکە لە هەوڵی ڕێکخستنی نێوماڵی کوردو یەك خیتابی کوردستانییە بۆ ئەوەی هەمووان پێکەوە ڕووبەڕووی هەموو ئەو ئەگەرانە ببینەوە کە دێنەپێش هەرێمی کوردستان، بەڵام ناسەقامگیریی ڕەوشی سیاسیی نێوخۆی یەکێتی ڕەنگدانەوەی سلبی لەسەر سرووشتی پەیوەندییەکانی یەکێتی و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دروست کردووە، بێگومان بەشێك لەم دۆخە ناسرووشتیەش بەر پارتی کەوتووە. بەداخەوە ئەوەی ڕوویدا کاریگەریی خراپی لەسەر ئێمە و پێگەی کورد لە بەغدا دەبێت، بەتایبەتی کە ئاشکرایە عەقڵییەتی عەرەب بە سوننەو شیعەوە لەگەڵ کوردو پێکهاتەکانی دیکەی عێراق چۆن مامەڵە دەکەن و بە بیر و هزرێکی شۆڤێنی و تایفەگەرییەوە دەڕواننە مافەکانمان کە تاکە زامنێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوەش تەنیا یەکدەنگیی کوردە، ئەمەش پێویستی بە بونیەیەکی بەهێزی مەعریفی هەیە، کە بەداخەوە ئەوەی ئێستا لە کوردستان دەگوزەرێت، ڕاست پێچەوانەی ئەمەیە.

*** پێش ئەوەی پەرلەمانی عێراق دەست بە کۆبوونەوەکەی بکات، باس لەوە دەکرا کە پارتی و یەکێتی لەسەر کاندیدی سەرۆك کۆمار ڕێککەوتوون، بەڵام چەند خولەکێك دوای ئەوە بینیمان هیچ ڕێککەوتنێك نەبوو، ئایا ئەو ڕێککەوتنە هەبوو؟ ئەگەر هەبوو بۆ پێشێل کرا؟**

- هەر لەسەرەتاوە یەکێتی بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان، تاکلایەنانە کاندیدی خۆی بۆ سەرۆك کۆمار دەستنیشان کردبوو، بەڵام خیتابی پارتی دیموکراتی

کوردستان روون و ئاشکرا بوو کە پۆستی سەرۆك کۆمار موڵکی کوردەو موڵکی هیچ لایەنێکی سیاسی نییە، لەمەشدا دوو ڕێگای دیاریکردبوو بۆ دەستنیشانکردنی کاندیدێك بۆ سەرۆك کۆمار کە دەبێت یان تەوافوقی سیاسی لەنێوان حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی لەسەر بێت، یان بە ڕێگەی دووەم کە فراکسیۆنە کوردییەکان لە بەغدا دابنیشن و لەنێوان خۆیان کەسێك بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار دەستنیشان بکەن، ئەمەش هەمووی لەبەر ئەوەیە کە تەنیا پارتی و یەکێتی نەبوون کە کاندیدیان دەستنیشان کردبوو، بەڵکو زیاتر لە ٧ کەس لە کورد بۆ ئەو پۆستە خۆیان کاندید کردبوو، بۆیە ئەوەی روویدا پێشینەیەکی خراپ بوو، کاتێك هیچ یەکێك لەم دوو ڕێگایە پەیڕەو نەکرا. چونکە مەترسییەکە ئەوەیە لە داهاتوودا عەرەبە شۆڤێنییەکان خۆیان بە ئارەزووی خۆیان کەسێك دیاری بکەن بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار و دەنگی پێ بدەن، ئەمەیە پاشاگەردانیی یەکێتی کە بەپێچەوانەی سوننە و شیعەوە کە هەریەکەو خۆیان بە تەوافوق و ڕێککەوتن کەسێکیان بۆ پۆستەکانی سەرۆك پەرلەمان و سەرۆك وەزیران دیاریکرد. بەڵام ترسی پارتی لەوەدا بوو کە د. بەرهەم خۆی کێشەیەك بوو لە ناو یەکێتیدا- کە لە یەکێتی جیا بۆوە و حزبی دروستکرد و دەنگی نەهێنا و دووبارە گەڕایەوە- و ئەم کێشەیەش بگەڕێتەوە بۆ نێومالّی کورد، دواجار لەم ئاستەش نەوەستان کێشەی ناوماڵی کوردیان گواستەوە بۆ گۆڕەپانی سیاسیی عێراق، ئەمەش پێشینەیەکی خراپ بوو. سەبارەت بە بەشێکی دیکەی پرسیارەکەش کە ڕێککەوتن لەنێوان پارتی و یەکێتی هەبووە یان نەبووە، ئەوا من کە لە لێژنەی دانوستاندن بووم لە بەغدا و لە سەرەتادا هیچ ڕێککەوتنێك لەنێوان ئێمە و یەکێتی نەکرابوو، پاش ئەوەی بەرهەم ساڵح داوای کرد جەنابی سەرۆك بارزانی ببینێت و دوای ئەوەی بینی و بۆی دەرکەوت کە سیاسەتی پارتی ئاشکرایە و دیاریکردنی پۆستی سەرۆك کۆمار عورفێکی سیاسییەو لەلایەن حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانەوە دیار دەکرێت، هەروەکو چۆن لە خولەکانی دیکە پەیڕەو کراوە، بۆ ئەمەش ئەو دوو ڕێگایەی کە ئاماژەم پێکرد، بە بەرهەم ساڵح وترا، بەڵام ئەو بەمە رازی نەبوو. کاتێك دکتۆر بەرهەم و ئەو چەند کەسەی لە دەوری بوون گەڕانەوە بەغدا، لەوێ لە درەنگانی شەو لە (دارولزیافە) پاڤێل تاڵەبانی سەردانی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی کردو گفتوگۆ لەسەر ئەوە کرا تا ئاستێك دەتوانرێت لێکتێگەیشتن لەنێوانیان هەبێت، ئەوە بوو لە ڕۆژی دوایی جەنابی نێچیرڤان بارزانی سەردانی ئەو کۆمەڵە کەسەی یەکێتی کردو لەوێ ڕێککەوتن کە دکتۆر فوئاد حوسێن دەستنیشان بکرێت بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار، لەبەرامبەر ئەمە هەندێ پۆست و پلە لە کوردستان و لە عێراق بە یەکێتی بدرێت، کەچی پێش پرۆسەی دەنگدان لە پەرلەمان کە خۆم وەکو شاهیدێك لەوێ بووم، کاتێك بەڕێز کۆسرەت رەسوڵ هاتو لەگەڵ کاك نێچیرڤان بارزانی دانیشت و گوتی: ئێمە ناتوانین ئەو ڕێککەوتنە بکەین، چونکە ڕەنگدانەوەی لەسەر ماڵی یەکێتی دەبێت و ماڵی یەکێتی پەرتەوازە دەبێت، ئەمەش واتا پەشیمان بوونەوە، لەو لاشەوە هەندێك کەس ئەوانەی لەگەڵ بەرهەم ساڵح بوون ئیمزایان بۆ هەندێ لایەنی سیاسی عەرەبی عێراقی کردبوو کە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەردەکەوێت ئەوانە ئیمزایان لەسەر چی کردووە.

*** پێش هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار پارتی دیموکراتی کوردستان پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ هاوپەیمانییەکانی شیعە هەبوو، بەتایبەتیش تەحالوفی بینا بە سەرۆکایەتی هادی عامری، ئایا ئەم پەیوەندییە لە ئێستادا وەك پێشان ماوە، یان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە؟**

- هەموو لایەنە سیاسییەکان دەزانن پارتی دیموکراتی کوردستان بە چ ئاراستەیەکدا کاردەکات، راستە پارتی گفتوگۆو کۆبوونەوەی لەگەڵ کوتلەی بینا و چەند لایەنێکی دیکە کردووە، بەڵام پارتی ئامادە نەبووە و نابێت لە پێناو پۆست و پلەدا موساوەمە لەسەر هێڵە پرەنسیپی و بنەڕەتییەکان بکات. بە شێوەیەکی گشتی پارتی پەیوەندی توندوتۆڵی هەیە، ئەوە بوو دوای ئەو رووداوە چەندین کوتلەی سیاسی و لایەنی عەرەبی سەردانی کوردستانیان کردو چاویان بە جەنابی بارزانی کەوت و پاساویان بۆ ئەم رووداوە هێنایەوە، بەڵام دواجار ئێمە گلەیی لە کوتلە سیاسییە عەرەبییەکان ناکەین، بەڵکو گلەیی لەوانە دەکەین کە لەپێناو پۆست و پایەدا بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ ئایندەی وڵاتەکەیاندا دەکەن.

*** لە ئێستادا د.عادل عەبدولمەهدی راسپێردراوە بۆ ئەوەی حکومەتی داهاتووی عێراق پێکبهێنێت، پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر بە گەرمی پشتگیری عادل عەبدولمەهدی دەکات، ئایا تاچەند پارتی بەشداری لەم حکومەتەدا دەکات؟ ئایا دانوستاندنەکان لەگەڵ پارتی بۆ بەشداری لە حکومەت دەستی پێکردووە؟**

**سەرەڕای ناکۆکییە توندەکانی ناوماڵی شیعە، بەڵام دواجار لەسەر کاندیدکردنی دکتۆر عادل عەبدولمەهدی بۆ سەرۆک وەزیران ڕێککەوتن، کە کەسایەتییەکی پاک و نیشتمانپەروەرە و لەتوانایدا هەیە دەوڵەتداری و حوکمڕانی بکات**

**ئێمە گلەیی لە کوتلە سیاسییە عەرەبییەکان ناکەین، بەڵکو گلەیی لەوانە دەکەین کە لەپێناو پۆست و پایەدا بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ ئایندەی وڵاتەکەیاندا دەکەن**

- سەرەڕای ناکۆکییە توندەکانی ناوماڵی شیعە، بەڵام دواجار لەسەر کاندیدکردنی دکتۆر عادل عەبدولمەهدی بۆ سەرۆك وەزیران ڕێککەوتن، کە کەسایەتییەکی پاك و نیشتمانپەروەرە و لە توانایدا هەیە دەوڵەتداری و حوکمڕانی بکات، پشتیوانیی پارتی بۆ ئەم کەسایەتییەش بە مانای ئەوە نییە بەشداری دەکەن، واتە ئەگەر بەشداریشمان نەکرد، ئەوا ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە پاڵپشتی ناکەین. ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە تا ئێستا سیستەمی پێکهێنانی حکومەتەکەی روون نییە، ئایا بە تەوافوقی سیاسییە، یاخود ئیستحقاقاتی هەڵبژاردنە، یاخود بەشێوەی تەکنۆکراتە، ئەگەر بەشێوەی تەکنوکرات بێت، ئەوا ئێمەی کورد کەسانی شارەزا و تەکنۆکراتمان هەیە، خۆ ئەگەر بە تەوافوقی سیاسیش بێت، ئەوا کوردیش پارتی سیاسی هەیە.

*** پێشتر کە پارتی و یەکێتی پێکەوە وەك یەك شاند دەچوون بۆ بەغدا داوای (شەراکەت و تەوافق و تەوازن)یان دەکرد، بەڵام پێدەچێت جارێکی دیکە پارتی و یەکێتی پێکەوە بەشداری دانوستاندن نەبن، ئایا ئێستا شاندی پارتی لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا داوای چی دەکات؟**

- یەکێتی نیشتمانی کوردستان (تەوافوق و تەوازن و شەراکەت)ی نێوماڵی کوردی شکاند. ئەوەی پەیوەندی بە پارتییەوە هەیە لەعێراق، ئەوا ستراتیژییەتی پارتی روونە کە پێیوایە پێویستە کورد لە عێراقدا هاوبەش بێت نەك بەشدار، لە بابەتە دەستوورییەکانیشدا حزوورێکی جددی هەبێت، بەتایبەتی لەمەسەلەی بودجە و مووچە و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و گەڕانەوەی کوردە دەرکراوەکانی ناوچەکانی خانەقین و دووزخورماتوو و کەرکووك و مەخموور تا دەگاتە شنگال. پارتیش پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی دەبێت سەقامگیریی سیاسی هەبێت، کە ئەمەش بە بێ سەقامگیریی ئەمنی نایەتەدی.

*** هەستدەکرێت بەهۆی ئەم هەڵوێستەی یەکێتییەوە کە خیتابی خۆی گۆڕیوە بۆ خیتابێکی عێراقی، خیتابێکی عەرەبی شۆڤێنی دژی کوردستان دەستی پێکردووەو بە شێوەیەکی تایبەتیش دژی خیتابی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئایا تا کوێ ئەم خیتابە شوڤێنییە بە پشتگیری یەکێتی بەردەوامی دەبێت؟**

- ئێمە خوازیار بووین کورد خیتابێکی کوردستانی و یەکگرتوویان لە عێراقدا هەبووایە، نەك خیتابی حزبی، هەر بۆیە پارتی خیتابی حزبیانەی نییە و بە خیتابێکی کوردستانییانە لە بەغدا حزووری هەیە و سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکانی کوردستانیش ئەمە لەبەرچاو دەگرن. ئێستاش سەردەمی فرت و فێڵ بەسەرچووە، ئاشکرایە پارتی هەمیشە خاوەنی سیاسەتێکی روون بووە. ئەمەش لەو بیروباوەڕەوە هاتووە کە پارتی پشت ئەستوورە بە قاعیدە جەماوەرییەکەی و خەڵکیش باش دەزانێت کە پارتی بە چ ئاراستەیەکدا هەنگاو هەڵدەگرێت.

*** هەستدەکرێت شێوازی کارکردنی پەرلەمانی عێراق بەرەو زۆرینە و کەمینە دەڕوات، ئەگەر ئەم ئاراستەیە بەمشێوەیە بێت، چۆن دەتوانین بەرگری لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەین؟**

- زامنی یەکەم پشتیوانیی خەڵکی کوردستانە، خاڵی دووەم ئەوەیە ئێمە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ دەرەوە و ناوەوە بەهێز بکەین، هەروەها یەکڕیزی نێوماڵی کوردیش خۆی لە خۆیدا زامنێکی زۆر باشە، کە بە داخەوە ئێستا کەلێنی تێکەوتووە، هەرچەندە ئێمە دەزانین کە چەندین لایەنی دیکەی سیاسی هەن کە دەتوانن گوتاریان یەکبخەن، خۆ ئەگەر بێت و لایەنێکی سیاسیش لەو گوتارە لابدات، ئەوا ئاینەدەی لای جەماوەری کوردستان دیارە، یاخود با بڵێین خەڵکی کوردستان لە کاتی گونجاوی خۆیدا وەڵامیان دەداتەوە.

*** لەسەرەتای قسەکاندا باسی سیناریۆکانی پێکهێنانی حکومەتی عێراقت کرد، ئایا ئەم حکومەتە دەتوانێت گۆڕانکاری بکات و حکومەتێکی بەهێز بێت و خواست و داواکارییەکانی خەڵك جێبەجێ بکات؟**

سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە گۆڕانکاری روودەدن، بەڵام دڵنیا نین ئایا بە چ ئاراستەیەکدا دەبێت، چونکە سەرجەم ئاماژەکان لە عێراق و وڵاتانی دەوروبەر پێمان دەڵێت عێراق گۆڕانکاری بەسەردا دێت. ئومێدی ئێمەش ئەوەیە کە گۆڕانکارییەکە بە قازانجی گەلانی عێراق و گەلی کورد بێت بەتایبەتی. بەڵام ئەوەی دەمەوێت لێرەدا جەختی لەسەر بکەمەوە، ئەوەیە ئێمە کێشەمان هەیە لەگەڵ چۆنیەتی حوکمڕانیکردن لە عێراقدا، ئەوەتا گەندەڵی بە رادەیەکی زۆر تەشەنەی کردووە، رەوشی سیاسی و ئەمنی بە چەشنێك ناسەقامگیرە خەڵك لە ژیانی منداڵەکانی دڵنیا نییە. ئەگەر لە دۆخی خەڵکی بەسرە و پارێزگاکانی باشوور بە گشتی بڕوانیت، ئەوا چیتر خەڵکی عێراق ناتوانن بەرگەی ئەو شێوازی حوکمڕانییە بگرن کە لە عێراقدا هەیە.

**یەکێتی نیشتمانی کوردستان (تەوافوق و تەوازن و شەراکەت)ی نێوماڵی کوردی شکاند. ئەوەی پەیوەندی بە پارتییەوە هەیە لەعێراق، ئەوا ستراتیژییەتی پارتی روونە کە پێیوایە پێویستە کورد لە عێراقدا هاوبەش بێت نەک بەشدار، لە بابەتە دەستوورییەکانیشدا حزوورێکی جددی هەبێت**

**پارتی خیتابی حزبیانەی نییە و بە خیتابێکی کوردستانییانە لە بەغدا حزووری هەیە و سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکانی کوردستانیش ئەمە لەبەرچاو دەگرن**

# کاریگەریی پەروەردەی عێراق لەسەر پەروەردەی کوردستان

## (ساتع حوسەری، تیۆری پان عەرەب ناشۆنالیزم و پەروەردە)



نووسینی:

**کاوه حەمەمراد**



## ● پێشەکی

سیستەمی پەروەردە یەکێکە لە گرنگترین و بەهاترین دەزگاکانی دەوڵەت. لە پلان و ستراتیجی دەوڵەتدا پەروەردە و ئاسایشی نیشتمانی تەواوکەری یەکدین بۆ چەسپاندنی کیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری. پەروەردە بەرهەمی فەلسەفەی دەوڵەتە کە بیرو بۆچوون و بەڕێوەبردنی دەوڵەت گۆڕا، سیستەمی پەروەردەش لەگەڵ خۆیدا دەگۆڕێت، وەك دیمان لە ئێراندا پاش رووخاندنی شای١٩٧٩، ئەفریقیای باشوور و جمهووریەکانی سۆڤێتی پێشوو لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا و هەروەها داعشیش لە ماوەیەکی کورتدا پەروەردەیان گۆڕی.

دوای راپەڕین، پەروەردەی کوردستان کەوتە دەست خۆمان، بە بڕیارێکی سیاسی پڕۆگرامەکان/مەنهەج خرانە سەر زمانی کوردی، چەندین هەنگاوی باش نران بۆ پاکژکردنی پڕۆگرامەکان لە شیعارە زەقەکانی بەعس، وێنە و وتەکانی سەدام حوسێن. سەدان قوتابخانە/ خوێندگا بیناکران و هەزاران نوێژەن کرانەوە، رێژەی قوتابی/خوێندکار بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە، ئەمە یەکەم جارە لە مێژووی گەلەکەماندا پتر لە١,٧ملیۆن قوتابی/خوێندکار روو لە دەزگاکانی خوێندن دەکەن، بەڕێوەبردنی ئەم دەزگا زەبەلاحە بەرپرسیارییەتێکی نیشتمانیی گرنگە.

ئەوەی تێبینی کراوە بەگشتی پرۆسەی پەروەردە پەراوێزخراوە، بۆ نموونە لە کۆی ناردنی ٣٠٠٠ قوتابی/ خوێندکاری باڵا بۆ دەرەوەی وڵات کەمتر لە ٢٠ کارمەندی وەزارەتی پەروەردەی تێدایە، لە کاتێکدا ئەم وەزارەتە گەورەترین وەزارەتی هەرێمە لە دوای وەزارەتی پێشمەرگە و پتر لە ١٥٠ هەزار کارمەندی هەیە.

وەزارەتی پەروەردە هەندێ پڕۆگرامی/ پەرتووکی نوێکردۆتەوە، بەڵام تێبینی کراوە کاریگەری بنەمای فکری پەروەردەی عێراقیان لە سەرە، بابەتی بە سەرچووی تێدایە کە کاتی حکومەتی عێراقی دەخوێندران و بابەتە تازەکانیش بە هاوشێوەی پڕۆگرامەکانی پەرەوەردە عێراقی نووسراونەتەوە.

### ١. ئەم پرسیارانە دێنە گۆڕێ:

١- ئایا دەوڵەت پڕۆگرامێکی گشتگیر و ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە لە سەر بنەمایەکی فکری و روانگەیەکی روون بۆ پەرەپێدانی پەروەردەی وڵات جگە لەوەی کە دەبێت خوێندن بە زمانی کوردی بێت؟

٢-کاریگەری فکری پەروەردەی عێراق چییە لە سەر پڕۆگرامەکانی پەروەردەی هەرێمی کوردستان؟

٣- لە سەر چ بنەمایەکی فکری پڕۆگرامەکانی پەروەردەی عێراق داڕێژدراون؟

٤- لە سەر چ بنەمایەکی فکری پڕۆگرامەکانی پەروەردەی هەرێمی کوردستان داڕێژدراون؟

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، پێویست دەکات، شەنوکەوی دامەزراندنی بنەمای فکری پەروەردەی عێراق بکەین، لەسەرەتای دامەزراندنیەوە، کە شرۆڤە بۆ پێنج پەرتووکی خوێندنی بنەڕەتی/پەروەردەی کوردستان دەکەین و هەوڵدەدەین بۆ دەستنیشانکردنی ئەو بنەما فکرییەی بابەتەکانی-پەرتووکەکانی پێ نووسراون.

### ٢. پەروەردە و دەوڵەت

سیستەمی پەروەردە لە سەر دیدە و روانگەی (رۆئیا-Vision) دەوڵەت دادەمەزرێت، ئەمەش لە شۆڕشی فەرەنسیەوە سەرچاوەی گرتووە، بیرمەندانی دەمی رۆشنگەری بایەخێکی گرنگیان داوە بە پەروەردە، بەتایبەتی سیستەمی پەروەردەی دەوڵەت بۆ گەیاندن و چاندنی بیرۆکەیان لە ناو کۆمەڵگەدا.

رۆسۆ پەرتووکێکی پەروەردەیی نووسیوە (ئەمەلی)، دەڵێت: «لە رێی پەروەردەوە دەتوانرێ نیشتمان بخرێتە نێو دڵ و هزری هاووڵاتییەوە. مندالْ پێویستە وڵاتەکەی ببینێ هەتا مردن، هیچیتر». دوای مردنی بە دوو دەیە کەمتر، رابەرانی شۆڕشی فەرەنسی بینییان لە رێی پەروەردەوە دەتوانرێت خەڵك/گەلْ یەکبخەن و یەکبگرن لە وڵاتدا، یەکەم جارە لە مێژوی ئەوروپادا سیستەمێکی پەروەردەیی گشتگیر هاتەدامەزراندن، بەو ئامانجەی، نیشتمانپەروەری دروستکبات لە هزر و دڵی هاووڵاتیدا. توانرا جووتیاران بکەن بە هاووڵاتی- سڤیل و گرێیان

بەدەن بە دەوڵەتەوە کە بێشتر گرێدرابوون بە کۆمیونیتەو دەڤەرە بچکۆلەکانی خۆیانەوە، بۆ ئەم مەبەستە، پڕۆگرامەکانی خوێندن گۆڕان، مێژووی نیشتمانپەروەری، زمان و ئەدەبی فەرەنسی لە جێگەی پڕۆگرامەکانی کلاسیك فەلسەفە و مێژووی یۆنان و زمانی لاتینی دانران. هۆنەر بەتایبەتی موسیقا بەکارهێنرا بۆ چاندن و بەرزبوونەوەی هەستی نیشتمانپەروەری و نەتەوایەتی، زمانی فەرەنسی بوو بە تاکە زمانی خوێندن لە سەر حسابی زمانەکانیدی .(Dawisha، 2005)

دەوڵەت مۆنۆپۆڵی سیستەمی پەروەردە دەکات، پڕۆگرامەکانی خوێندن لە سەر دیدەو روانگەی دەوڵەتەوە دادرێژدرێت، بە شێوەیکی سیستەماتك قوتابی/خوێندکار ئامادە دەکات بۆ گرێدان بە دەوڵەت و کۆمەڵگەوە. سوید وڵاتێکی دیموکراتیی نموونەییە لە جیهاندا داپەروەری، مافەکانی تاك، یەکسانی و...هتد بەشێکن لە مۆدێلی حکومڕانیی سویدی (Sewdish Model) و سعودیە وڵاتێکی دینییە، لە هەردوو وڵاتدا دیدە و روانگەی دەوڵەت بە چڕی خراونەتە نێو پڕۆگرامەکانی خوێندنەوە.

### ٣. سەرچاوەی فکریی پەروەردەی عێراق

### ٣.١ پەروەردە بەر لە بوونی دەوڵەتی عێراق

بەگشتی بۆ چەندین سەدە خوێندنی دینی لە حوجرە و مەدرەسە، تاکە سەرچاوەی خوێندن بوو. خوێندنی حوجرە/ مەلا بریتی بوو لە لەبەرکردنی قورئان، فێربوونی خوێندن و نووسین و فێربوونی سەرەتاکانی بیرکاری. لە هەموو مەدرەسەیەکدا زمانی عەرەبی و ئایینی ئیسلام بە فراوانی دەخوێندران و لە هەندێ مەدرەسەدا بەشێك لە عیلمی مەنتیق (ئەرستۆ)، ماتماتیك و عیلمی فەلەك دەخوێندران، مزگەوت،(تەکیە) و تەلاری تایبەت جێگای خوێندن بوون (M. Akrwi).

هەروەها پێکهاتە دینییەکانیتر وەکو مەسیحی و جوو قوتابخانە و فێرگەی تایبەتیی خۆیان هەبوو.

لەسەدەی نۆزدەدا ئیمپراتۆری عوسمانی سیستەمی پەروەردەی نوێی دامەزراند لەسەر شێوازی پەروەردەی ئەورووپی – فەرەنسی بەڵام بە زمانی تورکی، گرنگییەکی زۆری پێدرا، بەپێی (فەرمانی تەنزیمات ١٨٣٩) ریفۆرمی (خەتی هیمایون) و پاشتر ریفۆرمەکانی عەبدولحەمید بێ جیاوازی ئیسلامەکان و نائیسلامەکان لەم قوتابخانە/ خوێندنگادا وەرگیراون. وای بۆدەچم، فێرخوازە نائیسلامییەکان مەبەستی جوو و کریستان بن (اهل الکتاب). پلان وابوو جێی پەروەردەی دینی بگرێتەوە.

قوتابخانە/خوێندنگای سانەوی (ناوەند + ئامادەیی) لە موسڵ، کەرکووك، سلێمانی، بەغدا و بەسرە هەبوون.

پێش گرتنی بەغدا لە ساڵی ١٩١٧ سیستەمی پەروەردە هەڵوەشابوو، ئینگلیز سیستەمی پەروەردەی سەر لەنوێ دامەزراندەوە، ساڵی١٩١٥ لە بەسرەوە دەستیان پێکرد و لە ساڵی ١٩٢١دا ٨٨ قوتابخانە/ خوێندنگای سەرەتایی هەبوون. زمانی عەرەبی لەجیاتی زمانی تورکی کرا بە زمانی خوێندن، زمانەکانی تر مافی زاراوەی خۆجێیان پێدرا.

**● بنەمای فکری پەروەردە بەرلە بوونی دەوڵەتی عێراقی**

١- پەروەردەی دینی

لە سەر بیروباوەڕی ئایینیی دامەزراوە، بەو ئامانجەی پەیام و بەهاکانی ئایین لە بیر و هزری فێرخوازدا بچێنێت، کادیر دروست بکات بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی ئیسلامی. هەروەها ئەمیش راستە بۆ دینەکانیتر.

٢- پەروەردەی نوێی عوسمانی

لە سەر ئەو بنەما فکرییە دامەزرابوو، کادری کارامە دروست بکات بۆ دەزگاکانی دەوڵەت، گەشەپێدان/ ئینتیما بۆ پان ئیسلام (ئومەتی ئیسلام) بە رابەرایەتیی ئیمپراتۆری عوسمانی/سوڵتان.

٣- پەروەردەی دەسەڵاتداریتی بەریتانیا.

لەسەر بنەمای فکری پەروەردەی کۆلۆنیزم (3R) دامەزرابوو کە بریتییە لە فێربوونی خوێندنەوەو نووسین و بیرکاری، پڕۆگرامەکانیش لە میسرەوە هاوردە کرابوون و خۆجێیی نەبوون.

٣.٢ دامەزراندنی پەروەردی دەوڵەتی عێراق.

عێراق وڵاتێکە بەریتانیا لکاندی بەیەکەوەو هەیکەلێکی حکومڕانی بۆ دامەزراند، لە سەرەتای دامەزراندانی سیستەمی پەروەردەدا

ناکۆکی دروست بوو لە نێوان راوێژکارەکانی بەریتانیا و حکومەت، هەروەها کورد و حکومەتدا، بەریتانیا سیستەمێکی پەروەردەی خستبووەگەڕ پێش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای پەروەردەی کۆڵۆنیزم، بەڵام حکومەت دەیویست پەروەردە لە سەر بنەمای تیۆریی پان عەرەب ناشناڵیزم دابمەزرێنێت. کورد پێداگیر بوو زمانی خوێندن بە کوردی بێت، حکومەت دەیویست زمانی عەرەبی فەرزبکات، " پەروەردە بوو بە گۆڕەپانی شەڕ" (Sluglett،٢٠٠٧).

١- دەسەڵاتداریّتی بەریتانیا.

بەریتانیا سیستەمێکی پەروەردەی خستبووە گەڕ پێش دروستبوونی عێراق١٩٢١ لە سەر تیۆریی پەروەردەی کۆڵۆنیزم وەکو وڵاتە کۆڵۆنییەکانی دی لە ئەفریقا و ئاسیا، راوێژکارەکانی دەیانویست پەرەی پێ بدەن، لایەنوێل سمس دەیوست سیستەمێکی پەروەردەی مۆدێرن دابمەزرێت، باشتر لە سیستەمی پەروەردەی کۆڵۆنیزم و بلکێت بە ژیانی عێراقییەکانەوە، لە گەڵ داخوازییەکانی کورددابوو، بەڵام بێ کێشە نەبوو. مەلیك فەیسەڵ پلانێکی دیکەی هەبوو، لە سەر داواکاریی فەیسەڵ، حوسەری لە میسر هات بۆ عێراق ١٩٢٢، سیستەمی پەروەردەی پێ سپارد. جێرمی فارۆڵ راوێژکار لە وەزارەتی پەروەردە ١٩٢٠-١٩٢٢ دەستی لە کار کێشایەوە دژی پۆستەکەی حوسەری، پاش ساڵێك لەو پۆستەدا هامفری بۆمان لە ١٩٢٢-١٩٢٣ خاوەن ئەزموونێکی زور لە دامەزاندنی سیستەمی پەروەردی لە میسر و سودان، دەستی لە کار کێشایەوە بە چەند هۆکارێکی شەخسی، لایەنوێل سمس لە ١٩٢٣-١٩٣١ لە پۆستەدا بوو، لە گەڵ حوسەری ناکۆك بوو لە سەر سیاسەتی پەروەردەی وڵات و بە کابرایەکی ناشناڵیست وەسفی دەکات، چەندین جار ویستوویەتی دەست لەکار بکێشێتەوە، نامەیەکی دەست لەکارکێشانەوە(١٩٢٤) دەنووسێت، پەشیمان دەبێتەوە (Hassanpour، 1992). نامەیەکی رەخنەگرانەیە لە حکومەت و دەسەڵاتداریّتی بەریتانیا، دۆکیومێنتێکی گرنگە بۆ هەڵسەنگاندن.

بە کورتییەکەی دەسەڵاتداریّتی بەریتانیا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە لە سەر دارشتنی بنەمای فکری پرۆگرامەکانی خوێندن، رۆڵی راوێژکاریان هەبووە و لە زۆربەی کاتدا گوێیان لێ نەگیراوە. ئەوشی بینایان کرد حوسەری هەڵیوەشاندەوە. بۆ نموونە: لایەنوێل سمس دوو پرۆگرامی پەروەردەیی هەبوو بۆ شار و لادێ، لە کۆتاییدا پرۆگرامەکەی حوسەری زاڵ بوو، وەك پرۆگرامێکی گشتگیر بۆ سەرانسەری وڵات.

٢- حکومەتی عێراق.

ناشناڵیستەکانی پان عەرەبیزم بە رابەرایەتی حوسەری، لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستدا فۆکەسیان لە سەر پەروەردە بوو، بەو ئامانجەی عێراق بکەن بە ناوەندێك بۆ بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی یەکێتی عەرەب، سامی شەوکەت بەرێوبەری گشتی پەروەرد، عێراق وێنادەکات بە پرۆسیا (ناوندێك بوو بۆ یەکگرتنەوەی دەڤەرەکانی ئەڵمانیا) بۆ یەکگرتنەوەی وڵاتانی عەرەب (Dawisha، 2005). بۆیە لێرەدا پێویست دەکات تیشك بخەینە سەر تیۆری پان عەرەب ناشناڵیزم و کاریگەری لە سەر بنەمای فکری دامەزراندنی پەروەردە لە عێراق.

## ● تیۆریی پان عەرەب ناشناڵیزم

بنەڕەتی تیۆریی پان عەرەب ناشناڵیزم کە بە «عەرەبیزم، عەرەب ناشناڵیزم» ناسراوە، زمان و مێژووە بۆ پێکهێنانی دەوڵەت کە لە ئەڵمانیای رۆمانتیزم/ناشناڵیزمی کولتووری وەرگیراوە، بیرۆکەی دەوڵەتی کولتووری لە کارەکانی هاریدەر (١٧٤٤-١٨٠٣) سەرچاوەی گرتووە زمان و کولتوور کراوە بە مەرج بۆ پێکهێنانی دەوڵەت، لای هاریدەر نەتەوە/نەیشن بریتییە لە یەك زمان و یەك کولتوور، زمان سنووری نەتەوە دیاری دەکات. بەڵام حوسەری هەندێ گۆڕانکاری تێدا کردووە، وەکو زمان پەیوەندی نییە بە رەگەز و کولتوورەوە و لای حوسەری عەرەب (ئەگەر لە نەتەوەیەکی دیکەش بێت) ئەو کەسانەن بە عەرەبی قسەدەکەن و مێژوویەکی هاوبەشیان هەیە. ئەگەر لە مێژووی هاوبەش ورد بینەوە، تەنیا مێژووی ئیسلامە کە هاوبەشە لە نێوان عەرەبدا.

بەم چەمکە، گشت شارستانییەکانی دیکەی عەرەب و پێکهاتەکان پەراوێز خراون.

حوسەری دەڵێت:

عەرەب ئەو کەسەیە بە عەرەبی پەیڤ دەکات، هەر کەسێك لە پەیوەندیدا بێت لە گەڵ یەکێك، یان خەڵك/گەلێك بە عەرەبیی بپەیڤن، (ئەویش) عەرەبە ئەگەر وانەزانێت/ئیدراك نەکات کە عەرەبە، دەبێت هەوڵبدەین بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکان، کە بۆچی ئەو هەڵوێستەی وەرگرتووە کە ناخوازێت ببێت بە عەرەب، رێز لە عەرەببوونەکەی ناگرێ، کەواتە ئایا عەرەب نییە؟ (نەخێر) عەرەبە، بە خواستی خۆی نییە، ئەگەر نەفامییە، کەمتەرخەمییە، کەللەرەقییە، یاخیبوونە، یان بێوەفاییە، عەرەبە، بەڵام عەرەبێکە بە بێ هەست و فکر و ویژدان. (Dawisha، 2005)

تیۆرییەکەی حوسەری بە زۆرەملێ گەلان/خەڵکانی دی دەکات بە عەرەب و زەوتی مافاکانیان دەکات، هەروەها پێناسەی زمان و مێژووی شێواندووە و بەشەکانی دی کولتووری عەرەبی جگە لە زمان و مێژووی هاوبەش پەراوێز خراون. لە سەر ئەم بنەما فکرییە پەروەردەی عێراق دامەزراوە.

**● بنەمای فکریی دامەزراندنی پەروەردەی عێراق**

حوسەری بە پشتگیریی راستەوخۆی مەلیك فەیسەڵ توانی بە سەر راوێژکارەکانی بەریتانیا زاڵ بێت، سیستەمێکی پەروەردەیی دابمەزرێنێت، گرنگی درا بە زمان و مێژووی هاوبەشی عەرەب، کە هەردووکیان دوو ستۆنەی تیۆری پان عەرەبیزمن، هەروەها پەروەردەکەی حوسەری-فەیسەڵ بە زۆربەی وڵاتانی عەرەبیدا بڵاوبووەوە، جێی خۆیەتی بە پەروەردەی زمان و مێژووی هاوبەشی پان عەرەبیزم بناسرێت، چونکە، تەنیا بە عێراقەوە تایبەتمەند نییە.

**● بنەمای فکری پەروەردەی زمان و مێژووی (هاوبەش) پان عەرەبیزم/عێراق**

ناشناڵیستەکانی پان عەرەبیزم توانییان پرۆگرامەکانی پەروەردە دابرێژن بە ئاراستەی بیناکردنی یەکێتی عەرەبی/وەحدەی عەرەبی، لێرەدا بە کورتی هەندێ تایبەتمەنی پرۆگرامەکانی پەروەردەی عێراقی دەخەمەڕوو، ئەم بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر دەبێت.

١- گرنگی دراوە بە زمان و ئەدەبی عەرەبی. خوێندن بە زمانەکانی دی پەراوێزخراون، یان قەدەغە کراون.

٢- گرنگی دراوە بە مێژووی هاوبەشی عەرەب (مێژووی ئیسلام)، مێژووی شارستانیەکانی دی عەرەب و پێکهاتەکانی دی پەراوێز خراون.

٣- تەنیا پەروەردەیەکی ناشناڵیزمە ئامانجەکەی نیشتمانبەندی نییە بە وڵاتەوە (ئەو وڵاتەی فێرخواز تێیدا دەژی) بەڵکو نیشتمانبەندی/ ئینتیما بۆ جیهانی وڵاتانی عەرەبییە (الامەالعربیە).

٤- پرۆگرامەکانی خوێندن نەلکاون بە ژینگەی وڵاتەوە، لۆکاڵی نین، ئەمە ناکۆکە لە گەڵ تیۆرییەکانی فێربوونی پەروەردە.

٥- کێشەکانی کۆمەڵگە نەخراوەتە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە بۆ چارەسەرکردنیان، بەڵکو کۆمەڵگەی عێراق و گشت وڵاتانی عەرەبی وێنادەکات بە کۆمەڵگەیەکی ئایدل، ئەم جۆرە پەروەردەیە فێرخواز بۆ ژیان ئامادە ناکات.

٦- هەمە جۆری (diversity) لە کولتوور و ئایین و پێکهاتەکانی وڵات نەخراونەتە پرۆگرامەکانی خوێندنەوە تا لە سەرانسەری وڵاتدا بخوێندرێت. ئەم جۆرە پەروەردەیە فێرخواز ئامادە ناکات تەقەبولی جیاوازییەکان بکات.

٧- جێندەر، گرنگی دراوە بە رۆڵی نێرینە لە پرۆگرامەکاندا.

پرۆسەی پەروەردە کراوە بە ئامرازێك بۆ بووژانەوەی پان عەرەب ناشناڵیزم و دژایەتیی ئیمپریالیزم، کەواتە پەروەردە کراوە بە ئامرازێك بۆ گەیاندن و پەرەپێدانی ئایدیۆلۆژی و لە پەیام و ئامانجە پیرۆزەکانی پەروەردەیی خۆی داماڵدراوە.

**تێبنی:** کورد و پێکهاتەکانی دی کە توانیوانە بە زمانی دایك بخوێنن لە عێراقدا، بەشێك نین لە پرۆگرامی پەروەردەی زمان و مێژووی (هاوبەش)ی پان عەرەبیزم، بەڵکو دەستکەوتی خەباتی مەدەنی و سیاسییە. هەرکاتێك توانیبێتیان ئەو مافانەیان لە گەلانی عێراق سەندووەتەوە.

● پەیڕەوکردنی پرۆگرامەکەی حوسەری

حوسەری، خوێندکاری پەروەردەی باڵا بووە لە فەرەنسا(١٩٠٠)، شارەزاییەکی وردی هەبوو لە سەر پەروەردەی ئەو وڵاتە، بۆیە کۆپی سیستەمی پەروەردەی شۆڕشی فەرەنسا دەکات، هەندێ دەستکاری تێدا دەکات، لە باتی مێژووی وڵات (عێراق) مێژووی هاوبەشی عەرەبی داناوە و بەشەکانی دی کولتوور پەراوێز خراون، بە هەمان شێوە زمان و ئەدەبی نەتەوەی باڵا (عەرەب) فەرزدەکات.

لە بیستەکانی سەدەی رابردوودا، دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، سیستەمێکی مەرکەزیی تۆکمە دامەزرا بۆ پەروەردە لەسەر بنەماو بۆچوونی فکری ساتع حوسەری پسپۆڕی زانستی پەروەردەو بیری پان عەرەب ناشناڵیزم سەپێندرا بەسەر هەموو گەلانی عێراقدا (کورد، عەرەب، تورکمان، ئاشووری و پێکهاتەکانی دی) کە بە بەرنامەیەکی داڕێژدراو هەموو قۆناغەکان و پرۆگرامەکانی خوێندنی گرتەوە.

هەروەها توانرا جووتیاران (ئەبناء ئەلعەشائر) بکەن بە هاووڵاتی سڤیل و گرێیان بدەن بە بیری وەحدەی عەرەبییەوە، نەك نیشتمانبەندی بە وڵاتەوە/عێراق.

● پرۆگرامەکانی خوێندن و مامۆستایان

حوسەری بە شێوەیەکی سیستەماتیك و بە بەرنامەڕێژی کاری لە سەر دوولایەن کردووە، پرۆگرامەکانی خوێندن و مامۆستایان.

زمانی عەرەبی و مێژووی هاوبەشی عەرەب، گرنگی زۆریان پێدراون لە نێو پرۆگرامەکانی خوێندندا کە هەردووکیان دوو ستونی تیۆرییەکەی حوسەرین.

حوسەری دەڵێت: "دەبێت پرۆگرامەکانی مێژوو دوو ئامانج بپێکن، جەخت بکرێت لە سەر یەکێتی نەتەوەی عەرەب و عەرەببوونی عێراق". بۆ نموونە، پەرتووکی (تاریخ الامة العربیة-١٩٣١) قەبارەیەکی گەورە تەرخان کراوە بۆ پیاهەڵدان، دەسکەوتەکانی عەرەب و فەزڵیان بەسەر جیهاندا لە سێبەری حکومی عەباسی و ئەمەویدا، پێنج سەدە لە مێژووی عوسمانی کورت کراوەتەوە بۆ ١١ لاپەڕە و بەشێکی کورت تەرخان کراوە بۆ مێژوی ئەوروپا، تیشك خراوەتە سەر کۆلۆنیزم. (Dawisha، 2005)

حوسەری بە وردی چاودێریی گشت سیستەمی پەروەردەی کردووە، ئەوەی لە گەڵیدا هاوڕا نەبووە، لە کارەکەی دووری خستووەتەوە، لەوانە جەواهیری شاعیری گەورەی عەرەب کە ئەو کاتە مامۆستا بوو. لەو سەردەمەدا بیری وەحدەی عەرەبی لاواز بوو، مامۆستای لە فەلەستین هێناوە، تا دڵنیا بێت کە پرۆگرامەکەی لە قوتابخانەکاندا بە پێی رێنماییەکانی پەیڕەودەکرێت.

پەروەردەکەی (حوسەری- فەیسەڵ) توانی نەوە دوای نەوە لە قوتابیان/خوێندکاران بخاتە سەر رێباز و ڕێچکەی بیرو باوەڕیان، "عێراق پێش جەنگی یەکەمی جیهانی دوور و دابڕاو لە شارستانیەت" (M. Akrwi) بکات بە ناوەندی بزووتنەوەی پان عەرەبیزم و زەمینە خۆش بکات بۆ دامەزراندنی حزبی بەعس لە چلەکانی سەدەی بیستدا.

● ٤- سەرچاوەی فکری پەروەردەی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنی پەروەردەی عێراق- راپەڕین ١٩٩٢

داواکاری سەرەکیی کورد خوێندن بە زمانی کوردی بوو لە هەردوو قۆناغی سەرەتایی و سانەویدا ( ناوندی + ئامادەیی). بە درێژایی حکومڕانیی مەلیکی و جمهووری پرۆگرامەکان لە عەرەبییەوە خراونەتە سەر کوردی جگە لە رێزمانی کوردی، خوێندنی کوردی /پولی یەك. لە ماوەی رێککەوتننامەی ١١ی ئازار ١٩٧٠دا، چەند بابەتی ئەدەبی و مێژوویی خرانە نێو پەروەردەی کوردییەوە.

لە لایەکی دی حوسەری خاوەن تیۆری پان عەرەبیزم (هەر کەسێك لەگەڵ عەرەبدا بژی عەرەبە) کەوتە دژایەتی و زەوتکردنی مافی خوێندن بە زمانی کوردی، ناکۆکییەکی توندی لێکەوتەوە، "پەروەردە بوو بە گۆڕەپانی شەڕ" (Sluglett، 2007) لە نێوان کوردو حکومەتی ناوەندا. خوێندن بە زمانی کوردی بەبێ چارەسەر مایەوە و بووە هۆی بەردەوامێتی و خرایە ناو پرۆگرامی هەموو پارتە کوردییەکانی باشوور و پارچەکانی دی، هەروەها بووە یەکێك لە داواکارییە سەرەکییەکان لە دانوستانەکانی بزووتنەوەی کورد و حکومەتەکانی ناوەندا.

کورد کاریگەرییەکی نەبووە لە سەر داڕشتنی بنەمای فکری پرۆگرامەکانی خوێندن لە عێراق و کوردستادا، بە پێی ئەو زانیارییانەی لەبەردستدایە دۆکیومێنتێك نییە رەخنە و هەڵسەنگاندنی کردبێت لە پرۆگرامەکەی دەوڵەت، جگە لەوەی خوێندن بە زمانی کوردی بێت و بە مافی رەوای خۆی زانیوە و دەزانێت.

**● لە دوای راپەرینەوە١٩٩٢ – ئێستا**

پەرەپێدان و نووسینی پرۆگرامەکانی خوێندن لە ژێرچاودێری و کۆنترۆڵی حکومەتی مەرکەزیدا نەماون، لەم ماوەیەدا چەندین پرۆگرام نوێ کراونەتەوە.

هەوڵدەدەین ئەو بنەما فکری و تیۆرییانە دیاری بکرێت کە کاریگەرییان هەیە لە سەر نووسینی پرۆگرامەکانی خوێندن. بۆ ئەم مەبستە، شیکاری دەکەین بۆ پێنج پەرتووك کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٦ نووسراون، خوێندەوەی کوردی پۆلی دوو- پۆلی شەش، خشتەی ژمارە(١)

هەر یەك لەو پەرتووکانە چەندین بابەتی جیاواز لەخۆدەگرێت، بەپێی ئەو پەیام/بنەما فکرییەی لە دەقی بابەتەکەدایە، بابەتەکان پۆلێن دەکەین بە دوو بەشەوە: هەمەلایەنی و نیشتمانی.

| پەرتووك | جۆری بابەت: هەمەلایەنی | جۆری بابەت: نیشتمانی | کۆی بابەت |
|---|---|---|---|
| خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی | ٢٥ | ٢ | ٢٧ |
| خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی | ٢١ | ٥ | ٢٦ |
| خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی | ٢٣ | ٨ | ٣١ |
| رێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی | ١٢ | ٩ | ٢١ |
| رێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی | ١٢ | ١٢ | ٢٤ |
| کۆی گشتی | ٩٣ | ٣٦ | ١٢٩ |

**خشتەی١ جۆری بابەتەکانی/ پەڕتووك**

**بەشی یەك: هەمەلایەنی/ گشتی**

بەشی هەمەلایەنی/گشتی٩٣ بابەتی جیاواز لەخۆ دەگرێت لە پێنچ پەڕتووکەکدا، پەیامێکی پەروەردەیی گشتی تێدایە بۆ فێرخواز، بەپێی ئەو پەیام/بنەما فکرییەی لە دەقی بابەتەکەدایە، بابەتەکان پۆلێن دەکەین بۆ چەند گرووپێك: رەوشت، ژێنگە، زانست، توخمی مێینە، مافی مندالان، تەندروستی، چیرۆك/ بەسەرهاتی زیندەوەران بۆ مندالان و....هتد، ئەمانە هاوبەشن لە گشت پەروەردەی جیهاندا، بەڵام هەندێ جیاوازی هەن، بۆ نموونە بابەتێك دەربارەی ژینگە لە پرۆگرامەکانی کوردستاندا جیاوازە لە وڵاتێکی وەك بەریتانیا، ئەو جیاوازییانە لەو بنەما فکرییەوە سەرچاوە دەگرێت کە بەکاردێت بۆ داڕشتنی ئەو بابەتە: ئامانجی ئەو بابەتە چییە؟ چەند زانیاری لەخۆ دەگرێت؟ چەند لکاوە بە کۆمەڵگە، ژینگە و وڵاتەوە؟

بە گشتی بابەتەکانی ئەم بەشە نەلکاون بە ژینگەی فێرخواز و وڵاتەوە، بۆ نموونە: بابەتەکانی "دلڤین و ژینگە"، "رەوشی رێگەوبان"، "باخی گشتی" (ل١٢، ل١٥،ل٦٢، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی) و"رەوشتی باش"، "دراوسێی باش" (ل٦، ل٦٥، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی). ئەگەر ناوە کوردییەکان بگۆڕێن، ئەم بابەتانە دەگونجێن بۆ پەروەردەی هەر وڵاتێکی دی، بەتایبەتی لە ئەفریقیا و ئاسیادا.

نەلکاندنی پرۆگرامەکان بە ژینگەی فێرخواز و وڵاتەوە کاریگەریی پەروەرەی عێراقە لە سەر پەروەردەی کوردستان( زیاتر. بەشی دەووم)

**● بەشی دووەم: نیشتمانی**

بەشی نیشتمانی٣٦ بابەتە لە پێنچ پەڕتووکەکەدا ( ٢٢ دەق و ١٤هۆنراوە) بەپێی ئەو پەیام/بنەما فکرییەی لە دەقی بابەتەکەدایە،

بابەتەکان پۆلێن دەکەین:

- مێژوویی: زۆربەی بابەتەکان تەرخانکراوەن بۆ ژیاننامە، خەبات و چالاکیی کەسایەتییە ناودارەکانی کورد.
- شار و شارۆچکە: بابەتەکانی تەرخانکراوە بۆ ئەو شارو شارۆچکانە کە ڕاپەڕین، ئەنفال و کۆمەڵکوژیان تیادا کراون، یان بەشێکن لە دەڤەرە دابڕاوەکان. وەکو هەڵەبجەی شەهید، شنگال، کەرکوک و دەڤەری ڕاپەڕین.
- جوگرافیا و کۆمەڵایەتی ..هتد وەکو بابەتی: سەیرانگەکانی کوردستان، زستانی کوردستان و ناوی هەموومان کوردییە.
- هۆنراوەی نیشتمانی.
- هەندێك بابەتی دیکەی نیشتمانی.

بەگشتی بابەتەکانی بەشی نیشتمانی دەربارەی مێژوو و ئەدەبن (هۆنراوەی نیشتمانی) بۆ نمونە: "خانزادی سۆران"، "بەهاری ڕاپەڕین" کوردستان (هۆنراوە)" (ل٨٧، ل٩٧، لا ١١٧ ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی) و "تۆفیق وەهبی"،"هەڵەبجەی شەهید" (ل٨٧، ل١٠٨ ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی).

بەڵام جێی تێڕامانە بەشەکانی دی کولتووری کوردی: جلوبەرگ، خواردن، خشڵ و زێڕ، هەڵپەڕکێ و گورانی، چنین و هونەری کوردی پەراوێز خراون، یان زۆر بە سادەیی بابەتەکە نووسراوەتەوە، هەروەها مێژوو کورت کراوەتەوە بۆ مێژووی سیاسی و حکومڕانێتی: مێژووی کەسایەتییە ناودارەکانی کورد، ڕووداوە گرنگەکان و تراژیدییەکان کە بە سەر کوردا هاتوون، ئەمانە گشت پێویست و پیرۆزن. بەڵام لقەکانی دی مێژوو: کولتوور و کەلەپووری، پەروەردە، شوێنەوارە دێرینەکان، ئایینە جیاوازەکان، تەریقەی نەقشبەندی و قادری، شار و شارۆچکە و دەڤەرەکانی کوردستان و.. هتد پەراوێز خراون.

ئەم بیرۆکانە پاشماوەی میراتی پەروەردەی عێراقە، کە لە سەر بنەمای فکری پەروەردەی زمان و مێژووی هاوبەشی پان عەرەبیزم دامەزراوە، لە بەر ئەوەی عەرەب کولتووری جیاوازیان هەیە و نابێت جیاوازییەکان (کولتوور) بخرێنە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە جگە لە مێژوو و زمان و ئەدەبی عەرەبی. بە هەمان شێوە پەروەردەی هەرێم تا ئێستا ئەم جۆرە پەروەردەیە پەیڕەو دەکات.

ئامانجی سەرەکیی ئەم پەڕتووکانە ئەوە نییە مێشکی قوتابی/خوێندکار روون بکاتەوە بە زانیاری و ئامادەی بکات بۆ ژیان، بەڵکو فێربوونی خوێندنەوەو نووسینە (ڕێنووس)، لە پێشەکی دوو پەڕتووکەکەدا نووسراوە: «ئامانج لەم پەڕتووکانە ئەوەیە کە خوێندکاران بتوانن بە زمانێکی کوردیی ڕەوان بدوێن و بنووسن و بخوێننەوە و گەشەی پێ بدەن..» (ل٣ ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی)( ل٣ ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی)

- **بنەمای فکری پەروەردەی کوردستان**

بە بڕیارێکی سیاسی پرۆگرامەکان خرانە سەر زمانی کوردی. لە شرۆڤەکردنی بابەتەکانی بەشی هەمەلایەنی و نیشتمانی (نەخشەی ژمارە١) هەندێ تایبەتمەندی بنەمای فکری پرۆگرامەکانی پەروەردەی کوردستان دەستنیشان کران، لێرەدا بە کورتی دەیخەینەڕوو، ئەم بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر دەبێت.

١- گرنگی دراوە بە زمان و ئەدەبی کوردی.

٢- گرنگی دراوە بە مێژووی سیاسی و حکومڕانێتی: مێژووی کەسایەتییە ناودارەکانی کورد، ڕووداوە گرنگەکان و تراژیدیاکان کە بە سەر کورددا هاتووە. بەڵام لقەکانی دی مێژوو: کولتوور و کەلەپوور، پەروەردە، شوێنەوارە دێرینەکان، ئایینە جیاوازەکان، تەریقەی نەقشبەندی و قادری، شار و شارۆچکە پەراوێز خراون.

٣- بە شەکانی دی کولتوور پەراوێزخراون.

٤-پرۆگرامەکانی خوێندن نەلکاون بە ژینگەی وڵاتەوە، لۆکاڵی نین، ئەمە ناکۆکە لە گەڵ تیۆرییەکانی فێربوونی پەروەردە.

٥- کێشەکانی کۆمەڵگە نەخراونەتە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە بۆ چارەسەرکردنیان، بەڵکو کۆمەڵگەی کوردستان وێنا دەکات بە کۆمەڵگەیەکی ئایدل، ئەم جۆرە پەروەردەیە فێرخواز بۆ ژیان ئامادە ناکات.

٦- هەمەجۆری (diversity) لە کولتوور و ئایینە و پێکهاتەکانی وڵات نەخراونەتە

پڕۆگرامەکانی خوێندنەوە تا لە سەرانسەری وڵاتدا بخوێندرێن. ئەم جۆرە پەروەردەیە فێرخواز ئامادە ناکات بۆ تەقەبولی جیاوازییەکان.

٧- جێندەر، گرنگی دراوە بە رۆڵی نێرینە لە پڕۆگرامەکاندا.

ئەم تایبەتمەندیانەی پەروەردەی کوردستان هاوبەشن لە گەڵ بنەمای فکری پەروەردەی زمان و مێژووی (هاوبەش) پان عەرەبیزم/عێراق و کاریگەریی بنەمای فکری پەروەردەی عێراقە لە سەر دارشتنی پڕۆگرامەکانی پەروەردەی هەرێم.

## ● دەرئەنجام

لەم پرۆژەیەدا هەوڵمانداوە ئەو بنەما فکرییە دەستنیشان بکرێت کە پەروەردەی عێراق و هەرێمی کوردستانی لەسەر دامەزراوە، بۆ ئەو مەبەستە شەنوکەوی پەروەردەی عێراق کرا لە سەرەتای دامەزراندنیەوە و فۆکوس خراوتە سەر پڕۆگرامەکانی خوێندن، هەروەها شرۆڤەکاری کرا بۆ پێنج پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی، لەم پرۆژەیەدا توانر ئەمانەی خوارەوە بخەینەڕوو.

بنەمای فکری پەروەدی عێراق دەستنیشان کرا، کە لە سەر تیۆری پان عەرەب ناشناڵیزم دامەزراوە، گرنگی دەدرێت بە عەرەببوونی عێراق و بە ئایدیۆلۆژیکردنی پڕۆگرامەکانی خوێندن بە بیرۆکەی پان عەرەبیزم و پڕۆگرامەکان دوورن لە واقیعی ژیانی هاووڵاتیانەوە.

ئەم پڕۆژیە گەیشتووە بەوەی کە پەروەردەی هەرێمی کوردستان لە سەر بنەمای فکری پەروەردەی زمان و مێژووی هاوبەشی پان عەرەبیزم دامەزاوە بە دەستکارییەوە، لەباتی بابەتی عەرەبی، بابەتی کوردی دانراوە. بە هەمان شێوە فۆکەس خراوتەسەر زمان و ئەدەب و مێژوو، دەخرێنە نێو پڕۆگرامەکانی خوێندن و بەشەکانی دی کولتوور پەراوێز خراون. هەروەها پڕۆگرامەکان دوورن لە واقیعی ژیانی هاووڵاتیانەوە.

## ● پێشنیار

ئەزموونی پەروەردەی عێراق لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئێستا ئەزموونێکی فاشیل بووە، لە سەر بنەمایەکی فکری دامەزراوە کە نەیتوانیوە نیشتمانبەندی دروست بکات، ئامانجی سەرەکی ئەوە نییە مێشکی قوتابی/خوێندکار روون بکاتەوە بە زانیاری و ئامادەی بکات بۆ ژیان، گرێیان بدات بە یەکەوە بۆ بنیادنانی عێراق، دامەزراندنی پەروەردەی کوردستان لە سەر بنەمای فکری پەروەردەی عێراقی، کاریگەریی نەرێنی دادەنێت و دایناوە، بۆیە لێرەدا پێشنیار دەکەین ئەم بابەتە پێویستی بە توێژینەوەی زیاتر دەبێت، ئەمەش ئەرك و کاری دەوڵەتە بنەمایەکی فکری دیاریکراوی هەبێت بۆ پەرەپێدان و بەڕێوەبردنی سیستەمی پەروەردە، وەزارەتی پەروەردە لایەنێکی جێبەجێکارە.

## ● لە کۆتاییدا

جێی خۆیەتی سوپاس و پێزانینی ئەو بەڕێزانە بکرێت کە ئەرکی نووسینی پڕۆگرامەکانیان لەسەرشانە، کارەکانیان بە باشی ئەنجامداوە، ئامانجی سەرەکیی دەوڵەت خوێندن بە زمانی کوردی (بوو). توانیوانە ئەو ئامانجە بە سەرکەوتوویی بپێکن.

●

## ● سەرچاوەکان


١- خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی. چاپی شەشەم ٢٠١٣.

٢- خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی. چاپی شەشەم ٢٠١٣.

٣- خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی چاپی هەشتەم ٢٠١٥.

٤- رێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی چاپی چوارەم ٢٠١١.

٥- رێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی چاپی پێنجەم ٢٠١٢.

6- AKrawi، M. (n.d.). The New Educational System in Iraq. The New Orient، PP.162-176

[online] Core.ac.uk. Available at: https://core.ac.uk/download/pdf/60566687.pdf [Accessed 29 Sep. 2018].

7- Dawisha، A. (2005). Arab nationalism in the twentieth century. 3rd ed. Princeton: Princeton University Press، pp.49-106.

8- Hassanpour، A. (1992). Nationalism and language in Kurdistan. San Francisco (Calif.): Mellen research University Press، pp.305-334.

9- Sluglett، P. (2007). Britain in Iraq. London، New York: I.B. Tauris.